بسم الله الرحمن الرحيم

**پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ١٦ ) :**


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | بنەواکانی تاوان و گرنتی خۆپارێزی........................ | سەرنووسەر |
| ٢ | لە باخچەی ئامۆژگاری.................................................. | م. ڕزگار محمد |
| ٣ | یەکەم شەو لە ناو گۆڕدا ............................................... | جیهاد قادر |
| ٤ | لەگەڵ تۆمە خوشکی خۆم ؟ ............................................ | کاروان حمه باقی |
| ٤ | نامەیەك ( بەشی دووەم) ............................................ ... | بلال جلال |
| ٦ | ڕەزامەندی خودای گەورە لەپێش ڕەزامەندی خەڵکە.................. | بژار شێروانی |
| ٨ | ئاگات لە دڵتە..؟ ........................................................ .. | بوخاری حەمید |
| ٩ | ساتی تەمەن ............................................................... | جلیل إبراهیم |
| ١٠ | مادده هۆشبەرەکان ....................................................... | غالب عبدالله |
| ١١ | وەڵامێك بۆ شوبهەی بێ باوەڕان ........................................ | إدریس محمود |
| ١٢ | چۆن (بیدعه) بناسینەوە ................................................. . | شاڵاو لطیف |
| ١٤ | شێوای گازیا دروست ..................................................... | نەزیر سعید |
| ١٥ | زانست بەڵگەیە لەسەر کافر، نەك........................................ | کارمەند محمد |
| ١٦ | پەنا بەخوا لە دۆستی دوژمن ........................................... | سەردار عبدالله |
| ١٨ | نوێژکردن ناسنامەی موسڵمانە ............................................ . | م. هاوار عبدالله |
| ١٩ | المكتبة الشاملة ............................................................ | خالد حسین |
| ٢٠ | لە کتابی صحیح البخاری دا هاتووە ....................................... | زانست |
| ٢١ | زانست دەپرسێت ................................ .......................... | جیهاد و صباح |
| ٢٣ | التجارة الرابحة ............................................................ | کویستان عبدالخالق |
| ٢٤ | Tauhid (monotheism) ................................ | م. سامان جبرئیل |


تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگێراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆ پەیوەندی:

٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣

Zanest@Gawab.com

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچووی عربی . صلاح الدین .**

دەستەی نووسەران :

**علي محمد . دەرچووی کۆمەڵایەتی کەلار .**

**صلاح علی قادر. دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی**

**هیمن کریم عەزیز. کۆمپیوتەری هەولێر**

**جیهاد قادر. دەرچووی عەرەبی قەڵادزێ**

**دیزاینەر:**

**رزگار محمد. دەرچووی ئینگلیزی هەولێر**

## بنەواکانی تاوان و گرنتی خۆپارێزی لە هەموو خراپەیەك

بێگومان گەورە زانایانی ئیسلام و پێشەوایانی . بە ڕەحمەت بن . پسپۆڕی باس و خواستە دەروونیەکانن و دیاریکاری پاڵنەری هێزە خراپەکانن لە مرۆڤدا ، بۆیە گوێڕایەڵی بۆیان هۆکاری سەرفرازی و ڕزگار بوونە لە داوەکانی شەیتان ، و خراپیەکانی دەروون ، یەکێك لەو کەڵە پیاوانەی کە مێژووی ئیسلام بەخۆیەوە بینیوەتی پێشەوا ( ابن القیم ) ە . بە ڕەحمەت بێت . کە لە ووتەیەکی زێڕینی بنەواکانی تاوان و سەرپێچی دیاری دەکات ، و خۆپارێزی لێیان بە سەرچاوەی خۆپارێزی دەزانێت لە هەموو خراپەیەك ، ئەوەش لەو ووتەیەدا کە فەرموویەتی : (( **أصول الخطایا کلها ثلاث : الکبر** : وهو الذي أصار إبلیس إلى ما أصاره ... **و الحرص** : وهو الذي أخرج آدم من الجنة ... و **الحسد** : وهو الذي جرّأ أحد ابني آدم على أخيه .

فمن وقي شر هذه الثلاثة ؛ فقد وقي الشر ؛ فالکفر من الکبر ، والمعاصي من الحرص ، والبغي والظلم من الحسد )) ( الفوائد لابن القیم : ١ : ٥٦ ) ، واتە : بنەوای هەموو تاوانەکان سێیە : تەکەبور و خۆبەگەورە زانین ، هەر ئەوەش بوو کە ئبلیسی بەو دەردە برد کە بردی ... پەرۆش بوون : هەر ئەوەش بوو کە باوکە ئادەمی لە بەهەشت دەرهێنا ... حەسادەت : هەر ئەوەش بوو کە هانی کوڕێکی ئادەمی دا بۆ کوشتنی براکەی .

جا ئەگەر هەر کەسێك لە خراپەی ئەم سێ شتە پارێزراو بێت : ئەوا پارێزراوە لە هەموو خراپەیەك ، چونکە بێ باوەڕی و کوفر لە تەکەبووری خۆبەگەورە زانینەوەیە ، و تاوانەکانیش لە پەرۆش بوونە بۆ شتێك ، و ستەم و زوڵمیش لە حەسادەتەوەیە .

بۆیە فێرخوازی ژیر و خاوەن هزر : بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو شەڕەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەربلاوە ( لە کوفر و بێ باوەڕی و تاوان و زوڵم و ستەم ... هتد ) پارێزراو بیت ، هەوڵبدە ئەم ووتەی پێشەوا بکە چرایەك بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگاکەت ، ڕێگای گەشتن بە خوای پەروەردگار ... و گەشتن بە بەهەشتە بەرینەکەی .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**سەرنووسەر**

## لە باخچەی ئامۆژگاری

خوڕەوشتی جوان هۆکاری خۆشەویست کردنی تاکە لە ناو کۆمەڵدا ... لەوانەش :

١. سەلام بکە لە هەموو خەڵکانی بەرامبەرت ، چونکە لە سەلام کردندا ئارامی بەرامبەر بەدی دەکرێت .

٢. پێبکەنە بەدەم خەڵکەوە ، چونکە پێکەنین کاریگەری سیحری هەیە لەسەر دڵکان .

٣. گرنگی و بەهای خەڵکانی بەرامبەر بزانە و بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکە کەپێت خۆشە مامەڵەت لەگەڵ بکەن .

٤. خەڵکی خۆشی و ناخۆشیان هەیە ، بەدڵەوە بەشداریان لەگەڵدا بکە .

٥. پێویستیەکانی خەڵکی جێ بەجێ بکە ، چونکە بەو هۆیەوە کاریگەریت لەسەر دڵیان دەبێت .

٦. لێبوردنت هەبێ لەکاتی ڕودانی ناخۆشیدا و زاڵ بە بەسەر نەفسی خۆتدا، چونکە بەهۆیەوە دڵەکان ڕاگیر دەبن.

٧. هیچ دیاریەك بەکەم مەزانە ئەگرچی نرخەکەشی کەم بێت ئەو دیاریە کاریگەریە مەعنەویەکەی زۆر زیاترە لە کاریگەریە ماددیەکەی .

٨. خۆشەویستی دەربڕە بەرامبەر بەخەڵکی چونکە ووشەکانی خۆشەویستی کاریگەری لە ناخ دەکەن .

٩. هونەرمەندبە لە ئامۆژگاری کردنی خەڵکی و بەشێوەیەك ئامۆژگاری مەکە بەرامبەری پێ بشکێنیتەوە .

١٠. قسە لەگەڵ خەڵکی بکە بەشێوازێکی کایگەریانە ، چونکە تاکەکان بەو لایەنەدا دەڕوانن کە گرنگیان پێدەدات .

١١. ئیجابی و گەشبین بە ، بەردەوام لە گەڵ دەور و بەرەکەتدا و بۆ مژدە بگەڕێ .

١٢. ئەگەر خەڵکی چاکەیان کرد ئەوا بەچاك باسیان بکە ، بەڵام با لەڕادابەدەر نەبێت .

١٣. باسی خراپەکانت بۆ خەڵکی مەکە و سەرقاڵ بە بەچاککردنی خراپەکانی خۆتەوە .

١٤. هەوڵ بدە ناسراوەکانت زیاد بکە تاکو سوودمەند بیت بۆیان و سوودمەند بن بۆت .

١٥. ئەگەر چاکەیەکت بەرامبەر کەسێ ئەنجامدا ئەوا چاوەڕوانی مەکە ئەویش چاکەکەت بەرامبەر ئەنجام بداتەوە

م . ڕزگار محمد . دەرچووی E

# یەکەم شەو لە ناو گۆڕدا

دەی فێرخوازان ، و ( زانست ) دۆستان ، وخوێنەرانی دلۆڤان : ئەوە بوو ماڵەکەت ، کە باسمان کرد لە ژمارەی ڕابردوو . دەبا بزانین یەکەم شەو تێیدا گوزەر چۆنە ؟! تا خۆی بۆ ئامادە کەین ، ئەی برای ژیر و ئیماندار کە هەڵیان گرتی لە سەر شانەکان ، ولای گۆڕەکەت دایاننای و دوایش خرایتە ناو گۆڕ، و گڵ و خۆڵت بەسەردا کرا ، و کەس و کارت بەجێیان هێشتی ، خۆ کە بمێننەوەش سودیان پێ نیە بۆت ، ئایا دەزانی چ دەگوزەرێ لەمەو دوا ؟ چیت پێ دەکرێت ؟ و تۆش تەنهای لە ناو ماڵە تازەکەت ، دە بزانە تا خۆی بۆ ئامادەکەی ، ئەی ڕۆڵەی ئادەم . تۆی ئەمڕۆ لە سەر ڕووی زەوی ، و بەیانیش لە ناوەوەیدای . ئاخۆ چیت لێ دەکرێ ، کە خرایتە ناو گۆڕەکەت :

١ . ئەو گۆڕەوشارەی کەس لێی ڕزگاری نابێت ، تەنانەت هاوەڵی بەڕێز سەعدی کوڕی ( معاذ ) ﷺ کە عەرشی خوا بۆ وەفاتی هاتە لەرزین ، و دەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرایەوە ، و یەکێکە لەو پێنج گەنجەی بەهەشت کە پێغەمبەر ﷺ، ئاماژەی پێ کردوون ، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (( هەر کەس لە گۆڕەوشار ڕزگاری بووبا، ئەوا سەعدی کوڕی موعاز ڕزگاری دەبوو )) ( صحيح الجامع : ٥٣٠٦ ) .

ئەی ئێمە کە نوێژمان واز لێهێناوە ؟! و مزگەوتیش بەس بۆ جومعەکان دەناسین ، یاخود بۆ پرسە و بۆنەکان و بەس !! ئێمەین ریبا دەخۆین و خێزان و خوشك و دایکانیشمان بێ فەرمانی خوا دەکەن ، و پۆشاکی ناشەرعی دەپۆشن . وە ئامێرەکانی تەلەفیزیۆن و سەتەلایت و چی و چی ، ماڵەکانمانی تەنیوە بە بێ شەرعی ، و دورخستنەوە لە زیکر و یادی خوا . و پێشاندانی دیمەنە ڕوتەکان ، وفیلمە لە ناو بەرەکان : جا یا عەقیدە و بڕوات پووچ دەکەن ! یاخود توشی ئارەزوو بازیت دەکەن ! بێ ئەوەی هەست بە مەترسیشیان بکەی، خۆ ڕاست و چەپ هەمووان بینەرن ، تەنها ئەوەمان خوا ڕەحمی پێ کردبێت ، دەنا بوینەتە زمانحاڵی پەخشی کەلتور و بیروباوەڕی چەوتی گەلانی تر !! تەنانەت خەڵکی بە ناو دینداریش پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن ، لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزانیشدا !!

٢ ــ لە شەوی یەکەمی گۆڕدا تاقی کردنەوەیەکی زەحمەت هەیە ، کە هەر کەسێك لێی ڕزگار ببێ ، لە خۆشی نەبڕاوە دایە ، وە هەر کەسێکیش ڕاسب بێت و دەر نەچێت ، ئەوا لە ناخۆشی و تاڵایی دۆزەخدا دەناڵێنێت ، وە زەرەرمەندی دونیا و ئاخرەتیشە ، ئەو تاقی کردنەوەیەی کاتێك کە مرۆڤ دەخرێتە ناو گۆڕەکەی ، و خاك و خۆڵی بەسەردا دەکرێت ، دوو فریشتەی لێی پەیدا دەبن ، و دای دەنیشێنن ، و پرسیاری دەربارەی خوا و پێغەمبەر ﷺ ، و ئیسلام لێ دەکەن .

پرسیاری ئەوەی لێ ناکەن بۆ تاجر نەبووە ؟ یا بۆ ئەندازیار و پزیشك نەبووە ؟ یا ماڵی زۆری نەبووە ؟ یا... وە یا ... هتد . جا کە خوا پەرستێکی ڕاست بێت ، و بەس ( الله ) ی پەرستبێ، و هاواری نەکردبێتە دار و بەردو گۆڕی فلان و فیسار، و بەس شوێن پێغەمبەریش ﷺ، کەوتبێ و بیدعەچی نەبووبێت، و ئیسلامیش تاکە بەرنامەی بوو بێت، وشەیدای هیچ بەرنامەیەکی مرۆڤ کرد و زەمینی نەبووبێت ، ئەوا ئاسان وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە ، کە بە پێچەوانەشەوە بوو بێ ، هەموو مەلاکانی کوردستان و عەرەبستان و جیهانیش بێن ، و تەلقینی بدەن سودی هیچی پێ ناگەیەنێت ، چونکە ئەصڵەن تەلقینی مردوو یەکێکە لەو بیدعانەی باڵی ڕەشی کێشاوەتە سەر زۆرێك !! کە جاری واهەیە کێ لە هەرە کەسە نەزانەکانە ، فەرموو دەکرێت بۆ تەلقینەکە ! وەکو بڵێی فێری قوێپیەکردنی بکا ، و پێی دەڵێت : ئێستا پرسیارت لێدەکرێت دەربارەی خوا و پێغەمبەر ﷺ ، و ئیسلام ، تۆش ئاواو ئاوا بڵێ !! کەسێك نەیزانیبێت : ( لا إله إلاّ الله و محمّد رسول الله ) یانی چی؟ ئێستا تۆ فێری غەشی دەکەی !! تەلقین بەوە دەبێت بەو کەسەت بڵێی بڵێ: ( لا إله إلاّ الله )، کە لە سەرەمەرگ دایە .

یەکێ لە پێشینە چاکەکانمان فەرمووی : من یەك شەو لە ماڵی هاوڕێ یەکم بوم ، قەرارم لێ هەڵگیرابوو !! ئەی خوایە گۆڕ یەکەم شەوەکەی دەبێ چۆن بێ ؟!

دەی نەوەی ئادەم ( علیە السلام ) ، بۆ ئەو شەوە و مەوقیفە چیت ئامادە کردوە ؟! دەبا خۆمان ئامادەکەین ، پێش ئەوەی دەرگای تۆبەمان لێ دابخرێت، تا فرسەت ماوە . وە با هەموو ئێوارە و بەیانیەك عەرز نەکرێینە سەر ئاگری بە ئێش و ژان !!

سەرچاوە: ( العقيدة أوّلاً لو كانوا يعلمون : ٢٣ ـ ٣٠ ) .

**جیهاد قادر عەلی ، دەرچووی عەرەبی**

## لەگەڵ تۆمە خوشکی خۆم ؟

ئایا سوپاسی خوات کردووە لەسەر گەورەترین نیعمەت لەسەر تۆ کە نیعمەتی ئیسلامە ؟

ئایا پێنج فەرزە نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا دەکەیت ؟ چونکە یەکەم کارێك کە لەڕۆژی دوایدا لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت نوێژە ، ئەگەر چاك بوو ئەوا هەموو کارەکانت چاك دەبێ ، وە ئەگەر خراپ بوو ئەوا هەموو کارەکانت خراپ دەبێ ، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (( إن بين الرجل وبين الشرك والكفر ترك الصلاة )) ( رواه مسلم ) ، واتە : لەنێوان کەسێك و شیرك و کوفردا نوێژنەکردنە .

ئایا بە تێفکرین و دڵکزیەوە قورئان دەخوێنیتەوە ؟ ئایا کاری پێدەکەیت ؟ لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : (( خيركم من تعلم القران وعلمه )) ( رواه البخاري ) ، واتە : باشترینتان ئەو کەسەیە کە فێری قورئان دەبێت و کەسانی تریش فێردەکات .

ئایا گوێرایەڵی دایك و باوکت دەکەیت ؟ ئایا لەبەرخوا سەردانی خزمانت دەکەیت ؟

ئایا حەز بەخێری مووسوڵمانان دەکەیت ؟ ئایا فەرمان بەچاکە و ڕێگری لەخراپە دەکەیت ؟

ئەی ڕیز لەهەتیو و هەژاران دەگریت بەتایبەت خزمانت؟

ئایا زیکری بەیانیان و ئێواران دەخوێنیت ؟

ئایا دەزانیت کە خوای گەورە ئاگای لێتە لەهەموو کات و شوێنێکدا ؟

ئایا پارێزگاریت لە باڵاپۆشیت کردووە کە ئەمری خوای لەسەرە ؟

ئایا لە هاوڕێی خراپ بەدووریت ؟ چونکە ئەوان هۆکاری لەناو بردنی تۆن بۆیە ئاگاداربە !

ئایا لە تێکەڵبونی کوڕان دووریت و ئایا چونت بۆ بازار کەم کردۆتەوە ؟

ئایا لە گاڵتەکردن و زۆر پێکەنین دووریت ؟ وە ئایا گریاویت لەپێناوی خوا ؟

ئایا زمانت پاك کردۆتەوە لە شیرك و غەیبەت و درۆ و قسەی دونیایی ؟

ئایا دوورکەوتیتەوە لەگوێگرتن لە گۆرانی ، کە حەرام کراوە بەبەڵگەی قورئان و سونەت ، وە هۆکاریشە بۆ ئاخر شەڕی خوای گەورە بمان پارێزێت لە ئاخر شەڕی .

ئایا ئاگاداریت لە قسەکردنی تەلەفۆنەکانت ؟ وە ئایا دەزانیت کەچەند بەسەرهاتی ناخۆش هەیە کە بە قسەکردنێك دەستی پێکردو بە ئابڕووچونی خوشکی موسوڵمانی کۆتای پێهات !!!! جا ئاگات لەخۆت بێت گورگە برسیەکان زۆرن .

**خوشکی بەڕیزم :** ئەمە چەند چرپەیەك بوو بۆ گوێی ئێوەی نیوەی کۆمەڵگا جا ئاگات لەخۆت بێت ، سوێند بەخوا قورسی و گرانی ئێوە لەشوێنکەوتنی دینەکەتانە، بۆیە لە کۆتایدا دەڵێم ئەو پرسیارانە لەخۆت بکە وخۆت دەخەمە پێش دادگای ویژدانی خۆت و وەڵامی لەخۆت دەوێت .

**کاروان حمە باقی: ك.پ.کەلار/ عەرەبی**

### نامەیەك...

### شەیتان دەپەرستن... (بەشی دووەم)

خۆشەویستان، دوای ئەوەی کورتەیەکمان لە مێژوو، و پێناسەی شەیتان پەرستی خستە ڕوو، ئێستا بە کورتی باسی هەندێ داب و نەریت و هێما و ئاماژەی ئەو گروپە ناپەسەند و خراپە دەکەین.

ڕوون و ئاشکرایە کە خودای گەورە لە هەموو پەیامە ئاسمانیەکانی دا باسی ترسناکی شەیتان و شوێنکەوتوانی دەکات، بەدڵنیاییشەوە شەیتان و دارو دەستەکەی هەمیشە و هەردەم دەیانەوێ ئیمانداران لە خشتە بەرن و بیان فەوتێنن، ئیماندارانیش دەبێت وریای ئەو نەفرەتیە وردەکارە بن، بۆ ئەوەی نەیان خاتە تەڵەکەکانی خۆیەوە و نەشبنە ئامێری جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی شەیتان، جا وردبینەوە..

ئەوەتا خودا دەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَنْ لَا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ ، وَأَنِ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ﴾ (يس ٦٠-٦٢)

واتە: ئەی نەوەکانی ئادەم؟ ئاخر من پەیمانم لێ وەرنەگرتن کە شەیتان نەپەرستن، چونکە ئەو بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە..؟ ئەی فەرمانم پێ نەکردن کە تەنها من بپەرستن و پەیڕەوی لە من بکەن، ئا ئەمەیە ( پەرستنی خودا) ڕێگا ڕاستەکە..؟ بێ گومان شەیتان خەڵکێکی زۆری

لێتان گومڕاکرد، دە ئایا تێ ناگەن و ژیرنابن؟

ئەوانەی شەیتان دەپەرستن لەم سەردەمەدا زۆرن ، دەستیان کردووە بە ئاشکرا کردنی و بانگەشەکردن بۆی ، زۆرێك لە ئێمە لەوانەیە بێ ئاگابێت لە نیشانەکانیان ، بەداخەوە بەڵکو زۆربەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ، سەرسامی هێماکانیان ببون بەڵام پێشی نازانن ، لەوانەیە لە زۆرێك لە ماڵان یان دوکانەکان زۆرێك لە بەرهەمەکانی ئەم باندە پیسە ببینین ، هەر لە هێما و دروشمە پیرۆزەکانی لای ئەوان ، وریابن توخوا ، لەوانەیە لە ماڵەکانی ئێوەدا هەبن ، یان لە نێو کەلوپەل یان جل و بەرگتاندا هەبن و ئاگاتان لێی نەبێت ، بەداخەوە زۆرێك لە کچەکانمان سەرسامی هەندێ شتیان بوون و لەبەری دەکەن وبەکاری دەهێنن ، هەندێکیان کێ بڕکێ دەکەن لەسەر دەست کەوتنی تازە بابەتەکانی ... خوشکە .. برام .. ئەو هێمایانە دەبینن بەڵام نایناسن و نازانن کە ئەوە هێماو نیشانەی ئەو خراپانەیە .

لەو هێمایانەش :

دوو پیتی (S) ی تێکدراو لە تەنیشت یەك، کەمانایە بۆ وشەی (satanic-s-) یان شەیتانیەت.

یان ئەستێرەیەکی پێنج چڵ کە کەلەی بزنێکی شاخداری تێدایە .

جلی هەمیشە ڕەش و بۆیەی نینۆکی ڕەش و ڕەنگی لێوی ڕەش و نێوان چاو و برۆ ڕەش کردن .

یاخود بۆیەی نینۆکی خۆڵەمێشی ( رصاصی ) و لێو و نێوان چاو و برۆ رەصاصی کردن .

یان شێوەی دەم و چاو گۆڕین و زرێی گەورە لە مل کردن و گوارەی گەورە لە گوێ کردن .

وینەی سەگ و شتی سەیری ئاسنین لەخۆ هەڵواسین .

خوێن ڕشتن و منداڵ کوشتن لە یادەکانیاندا .

ژمارەی ٦٦٦ بە ئینگلیزی یان FFF .

یا خاچێکی سەرەوخوار ، کە هێمایە بۆ ڕەتکردنەوەی ئاین.وە هەر هێمایەك مانای تایبەتی هەیە لای خراپەکاران.

کچ و کوریان جلی ڕەش کە نیشانەی قەبر و شتی نادیار و دزێو کە تەعبیرە لە شەیتان و کوشتن ی لەسەرە .

ڕەتکردنەوەی هەموو ئاینێك وە خاچ پەرستی و جوولەکەیی و ئیسلام و ئەوانی تریش ، نەهێشتنی هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ، مومارەسەکردنی ئەوەی ناوی فاحیشە و جنس بەو پەڕی بێ ئابڕوویی و بێ سنوری ، وە کوشتنی منداڵ وەك قوربانی لە بۆنە سەیرەکانیاندا ، هەڵدڕانەوەی گۆڕی خەڵك بۆ پەیدا کردنی ئێسکی مردوو ، خواردنەوەی خوێن ، دزی کردن بەتایبەت دزینی خوێن بۆ خواردنەوەی لە بۆنەکانیاندا ، کە لە ساڵی ١٩٦٩ لە نەخۆشخانەکانی ئەمریکا بڕێکی زۆر خوێنیان دزیبوو بۆ ئەوەی لە ئاهەنگە شێتانەکانیاندا بیخۆنەوە ، هەرکەسیان منداڵیان هەبێت دەتوانن سەری بڕن و لە ئاهەنگەکانیاندا خوێن و گۆشتەکەی بخۆن.

مۆسیقا لای شەیتان پەرستان شتێکی بنەڕەتیە ، هۆکارێکە بۆ بێ هۆش کردنی عەقلیان ، لێکۆڵەرەوان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەو جۆرە ژەنینانەی کە شەیتان پەرستان بەکاری دەهێنن کە ئەمانەن ( بلاك میتڵ ) و ( هافی میتڵ ) و ( دیس میتڵ ) کە هەریەکەیان تایبەت مەندی و سەمای خۆیان هەیە کە سەریان ئەلەرزێنن بەرەو سەر و بەرەو خوار ، گۆرانیەکانیان جوێنە بە خودا . پەنا بە خوا . وە پیاهەڵدانە بە شەیتان و بیروباوەڕیان و بۆنە ئاژەڵیەکانیان !!!!

لیرەدا وێنەی هەندێ هیما دەخەینە ڕوو :




هەندێ لەو هێمایانە لەسەر جل و بەرگ چاپ دەکرێن، جا تکایە برا و خوشکانی موسڵمانم ، کاتێك جل دەکڕن وریای ئەو هێمایانەبن نەوەك لەسەر جلەکانتان هەبێت .

**بلال جلال فيض الله : ك.پ.كەلار/ فيزيا**

## کام ڕێگا هەڵدەبژێریت ؟

خوێنەری بەڕێز : زۆرێك لە موسڵمانان هەن بەداخەوە نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو غەم و ناخۆشی و ناڕەحەتیانە بکات کە دێنە ڕێگەی، سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئێمە لە دونیایەکدا دەژین کە هیچ بایەخێکی نیە لای پەروەردگاری جیهانیان ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنيا إلا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ﴾ واتە : ژیانی دونیا هیچ نیە تەنها ژیانێکی گاڵتەوگەپ نەبێ .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : (( ئەگەر دونیا بەقەد باڵە مێشولەیەك بایەخیکی لە لای خوا هەبوایە ئەوا خوای گەورە قومە ئاوێکی بەکافران نەئەدا )) .

توخوا لەخۆتان بپرسن، ئایا دونیایەك ئەوەندە بێ نرخ بێ ! ڕاستە هەڵببژێردرێت بەسەر دوا ڕۆژدا کە یەك ڕۆژی پەنجا هەزار ساڵی دونیایە ، خوای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرمووێت ﴿ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَاهَا﴾، بۆ دونیایەکی ئاوها بێ نرخ وکەم بۆچی خۆتی بۆ خراپ دەکەی ؟!!!

بۆچی بەهەشتی پان وبەرینی خوای گەورە لە دەست خۆت ئەدەی ؟!!!

ئایا دەزانی بەهەشت چیە؟ بەهەشت ئەوەندە خۆشە نە بەچاو بینراوە، و نە بە گوێ بیستراوە، وە نە بە خوتورەش هاتۆتە سەر دڵی هیچ کەسێکدا .

ئەو کەسەی کە ئاخر کەس لە دۆزەخ دەردەچێ وە کۆتا کەسە ئەچیتە بەهەشت دە ئەوەندەی پاشایەکی دونیایی دەدرێتێ . تو خوا خوشك وبرایانم با بۆ تام و لەزەتیکی کەمی لەناوچوی دونیا بەهەشتی نەبڕاوە لە دەستی خۆمان نەدەین و خۆمان توشی دۆزەخ نەکەین .

ئایا دەزانی دۆزەخ چیە؟ سووتەمەنیەکەی مرۆڤ و ئاگرە ، وە سوتەمەنیەکەی بەرد و مرۆڤە .

با بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو خوایەی کە لە نەبوونەوە دروستی کردوین، توخوا سیڵەیی نیە بۆ کەسێك کە خوای گەورە ئەو هەموو چاکەی لە گەڵ کردوە بەڵام ئەو پشت لە فرمانی خوا ئەکات لە کاتێکدا ناتوانێ بێ ئەو ڕزق و ڕۆزییەی خوا یەك سەعات بژی !!!

ئایا لەکاتی ناخۆشی و بەڵاو موسیبەتدا هانای بۆ نابەیت؟ ئەی نازانیت هەموو ژیانی تۆ بەدەست ئەوە؟ سویندبێ بەو کەسەی کە گیانی هەموومانی بەدەستە ، ئەگەر هەموو موڵکی دونیاش هی تۆ بێت ژیانی دونیات هەر کۆتایی پێدێت، بەسە با ئەم هەموو سەرقاڵ بوونەمان بەم دونیا بێ بایەخەوە وامان لێنەکات پشت لەیادی خوا بکەین ، ئەگەر پشتمان لەیادی خوا کرد و سەرقاڵ بوین بەدونیاوە ، سوێند بەخوا دونیا و قیامەتمان لەدەست دەچێت ، وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا ﴾ واتە : هەرکەس پشت بکات لەیادی من ئەوا لەدونیاو قەبرو قیامەتدا ژیانێکی ناخۆش دەباتە سەر .

کەواتە ئەگەر بمانەوێ ژیانی دونیا و قەبر و قیامەتمان خۆش بێت بادەست بە بەرنامەکەی خوا و پێغەمبەرەکەیەوە بگرین ﷺ خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ﴾ ، واتە : هەرکەس کردەوەی چاك بکات چی پیاو بێت یا ئافرەت ، وە باوەڕداریش بێت ، ئەوا دەیژێنین بەژیانێکی خۆش .

سوێند بەخوا ژیانی دونیا و قیامەتمان خۆش دەبێت ئەگەر یادی خوا بکەین بیپەرستین بەو شێوەیەی فەرمانمان پێکراوە .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**هەڵمەت صلاح الدين :ك. پ.کەلار/ بایۆلۆجی**

## ڕەزامەندی خودای گەورەلەپێش لەڕەزامەندی خەڵکە

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اتبعهم باحسان أما بعد :

موسڵمانانی خۆشەویست خوای گەورە ئێمەی لەنەبونەوە هێناوەتە بوون کەبیر و هۆشی پێداوین وە ئێمەشی بەئیسلام ئاشناکردووە کەئەمەش گەورەترین پاداشتە کە خوای گەورە بەئێمەی داوە .

با بیر لە خۆمان بکەینەوە ئەو کردەوانەی کە دەیکەین بۆ کێ دەیکەین و بۆ چی دەیکەین وە مەبەستمان کێیە ؟ ئەو کردەوانەی کە دەیکەین دەبێت مەبەستمان تەنها بۆ خوای گەورە بێت تاوەکو کردەوەکانمان قبوڵ بێت و سەرفرازی دونیا و قیامەت بین بەپێچەوانەشەوە ئەگەر کردەوەکانمان بۆ خوای گەورە نەبێت پەنا بەخوا ئەوە

کردەوەکانمان قبولْ نیە و ئەوە لە زەرەرمەندان دەبین ، وەهەروەها ئەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەین دەبێت مەبەستمان ڕەزامەندی خوای گەورە بێت نەك مەبەستمان خەڵك بێت . بۆیە دەبینین زۆر کەس کردەوەیەك دەکات لەبەر شتێك یان لەبەر کەسێك دەیکات بۆ ئەوەی ئەو کەسە لێی ڕازی بێت بەڵام ئەو کەسە خوای گەورەی لەبیر کردووە ئایا خوای گەورە پێی ڕازییە یان پێی ڕازی نیە ئەم کارانە زۆر دەبیندرێت بەچاوی خۆمان بەتایبەتی لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا زۆر کەس تاوانی گەورە دەکات وەکو هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە کەس پێی ناڵێت ئەمە تاوانی گەورەیە لەئیسلام دەردەچیت لەپێشی شرك و بدعە ..؟ دەکرێت لەلایان زۆر ئاساییە بەڵام ئەمانە زۆر دوورن لە پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە یەکەم کاری هەموو پێغەمبەران ئەوەبووە کە هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ ﴾ ( النحل : ٣٦ ) ، واتە: بە دڵنیاییەوە بۆ هەموو کۆمەڵە مرۆڤێك کە لەشوێنێکدا ژیابێتن پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆیان کەپێیانی فەرمووە بەتاك و تەنها خوای گەورە بپەرستن و خۆتان دووربخەنەوە لەتاغوت .

بۆیە یەکەم کاری هەموو پێغەمبەران ـ علیهم السلام ـ داوایان لە خەڵك کردووە کە هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن بۆیە دەبینین بەردەوام کۆمەلە کەسێك لە هەموو کات و ساتێك کە حەقیان پێوە دیارە لەسەر حەقن وەبەردەوامیش دژایەتیەکی زۆریان دەکرێت و بوختانیان بۆ دەکەن بەلام پشت بەخوای گەورە ناتوانن زەرەریان پێ بگەیەنن ئەوانەی کە لەسەر حەقن لە کردەوەکانیان مەبەستیان خوای گەورەیە نەك خەڵك کە بەردەوام ڕێگە لەشیرك و بیدعە و تاوان دەگرن بەرگری لەئاینی ئیسلام دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگای راست وون نەبێت .

ئەگەر بە کەسێك بڵێیت ئەمە لەسوننەتدا نییە بۆ دەیکەی؟ دەڵێت لەبەر خەڵك دەیکەم و ئەگەر نەیکەم خەڵك لێم رازی نابێت !!

سبحان الله ! تاوان دەکات بۆ ئەوەی خەڵك لێی رازی بێت پەنا بەخوا لەم جۆرە کردەوانە ، بەڵام موسوڵمانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە لەسەر ڕێگای ڕاستن لەبەر خوای گەورە کردەوەیەك دەکەن و کردەوەیەك ناکەن نەك لەبەر خەڵك .

سەرکەوتن ئەوە نییە کە خەڵك لێت ڕازی بێت بەڵکو سەر کەوتن ئەوەیە کەخوای گەورە لێت رازی بێت . هەر کەسێك خوای گەورە لەخۆی رازی بکات ئەوە خوا و خەڵکیش لێی ڕازی دەبێت بەڵام ئەگەر کەسێك بیەوێ خەڵك لە خۆی رازی بکات ئەوە نەخوای گەورە و نەخەڵکیش لێی ڕازی دەبێت زۆر جار گوێمان لێ دەبێت کە ئەوانەی لەسەر ڕێگای راستن پێیان ئەڵێن زۆربەی خەڵك لەئێوە ڕازی نییە بەڵام ئەوانەی کە لەسەر ڕێگای راستن تەنها یەك مەبەستیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە خوای گەورە لێیان رازی بێت با زۆربەی خەڵکیش لێیان ڕازی نەبێت گرنگ ئەوەیە خوای گەورە لێت رازی بێت چونکە لەرۆژی دوایی دا هیچ کەسێك ناتوانێت یارمەتیت بدات جگە لەخوای گەورە .

دەبا ئێمەش بیر لەخۆمان بکەینەوە و با کردەوەکانمان تەنها لەبەر خوای گەورە بێت ، هەروەکو لە ( البخاري و مسلم ) دا هاتوە کعبی کوری مالك رضي الله عنه کە دواکەوت لەجەنگی تەبووك کەچووە لای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی منیش مشت و مڕ و قسە زانینم پێدراوە بەڵام سوێند بەخوا دەخۆم ئەمرۆ درۆ لەگەڵ تۆ بکەم تۆ لێم رازی دەبیت لەوانەیە خوای گەورە لێم تووڕە بێت لەپاشاندا تۆش لەمن تووڕە بکات بەڵام ئەگەر قسەی ڕاستت پێ بلێم تۆ لەمن تووڕە دەبیت بەڵام من هیوام وایە خودا لێم خۆش بێت ... بۆیە لێرەدا بۆمان دەردەکەویت کە کەعب ڕەزای خوای لێ بێت هیوای وایە کە خوای گەورە لێی رازی بێت نەك درۆبکات پێغەمبەری خوا ﷺ لێی ڕازی بێت .

لەکۆتایی دا داواکارم لەخوای گەورە کە هەر کردەوەیەکمان کرد لەبەر خوای گەورە بێت ، نەك لەبەر خەڵك بێت .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**بژار شێروانی: ز.سلێمانی.ك.زانستە ئیسلامییەکان.**



**ئاگات لە دڵتە ؟**

دەزانی سەنگەرێکی سەرەکی لە لاشەتدا هەیە ؟ گەر ئەوەت لێ گیراو لەدەستت چوو ، ئەوا لاشەت بێ کەڵک دەبێت ، ئەویش دڵتە . دڵت ئەو پارچە گۆشتەیە ، کە هەموو ئەندامەکانی لاشەت لە ژێر فەرمانی ئەو کار دەکەن . ئەگەر فەرمانیان بە چاکە و دوور کەوتنەوەیان لە خراپە پێ بکات ، یان بە پێچەوانەوە ئەوە گوێڕایەڵی ئەون ، و جێ بەجێی دەکەن .

کەواتە : خوێنەری سەنگین : دڵت بەنرخترین شتێکە کە تۆ هەتە ، بۆ بە بێ نرخ سەیری دەکەی ؟! چی پیس و خراپەیە تیایدا نیشتەجێ دەکەی ! ئەی نازانی دڵت بە هۆی تاوان و خراپەوە دەمرێت؟ هەروەکو چۆن ئیبن مسعود دەفەرمووێت : (( بەڕاستی گوناهو تاوان دڵ دەکوژێ ، و دەستی بەسەردا دەگرێت )) . مردنی دڵ تەنها بەوە نیە کە لە لێدان بکەوێت ، نەخێر بەڵکو تۆ کاتێک دڵت پڕکرد لە تاوان وخراپە و خۆشویستنی غەیری خوا ، وە پەیوەستت کرد بە غەیری خوا ، وە یادو زیکری خواشت تیانەکرد ، بەڕاستی تۆ مردووی ، با بەلاشەش زیندوو بیت ، و وا هەست نەکەیت ، هەروەکو چۆن پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرمووێت : " مثل الذي يذكر ربه والذي لا يذكر ربه مثل الحي والميت " ( رواه البخاري ) .

کەواتە خۆت مەکە بە عەبدی ئارەزوەکانت ! و چی دڵت داوای لێکردی لە خراپە و تاوان گوێڕایەڵی بیت، و دەست بە جێ بیکەی ، چونکە ئەو گوێڕایەڵی کردنەت بۆ ئارەزوەکانی دڵت سەردەکێشێت بۆ پەرستنی غەیری خوا ! هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَنْ يَهْدِيهِ مِنْ بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾ ( الجاثية : ٢٣ ) .

کەوابوو خوێنەری خۆشەویست دڵت بە نرخە ، و بە پاکی بی هێڵەوە ، چونکە هەر ئەوانەی دڵیان ساغە سەرفراز و براوەن ، و هەر دڵی سەلیم لە قیامەت فریایان دەکەوێت ، خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ ( الشعراء : ٨٩ ) .

باشە ئەی چۆن دڵەکانمان بە تەندروست بهێڵینەوە ؟ فێرخوازی هێژا، ئەگەر بتەوێت هەرشتێك لە شوێنێك دابنێیت، ئەوە دەبێت دژەکەی لەو شوێنە لابەری، ئەمە چۆن لە خودی مادەدا هەیە ، بە هەمان شێوەش لە بیرو باوەڕدا بەدی دەکرێت ، هەرکاتێك دڵ پڕبوو لە خۆشەویستی غەیری خوا ، و بیروباوەڕی پوچ ، ئەوا خۆشەویستی خوا و بیروباوەڕی ڕاست لەو شوێنەدا نامێنێ ، و دەڕوات . وە بە پێچەوانەشەوە چونکە مرۆڤ خاوەنی یەك دڵە ، بۆ نمونە تۆ کاتێك دڵت پڕبێت لە شیعری خراپ و وتەی بێ کەڵك و گۆرانی و مۆسیقا ، کوا جێگەیەك هەیە بۆ ئامۆژگاری و زانستی شەرعی و قورئان خوێندن و گوێ لێ گرتنی تاکو جێی ببێتەوە ؟ هەروەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : " سینەی یەکێك لە ئێوە پڕبێت لە کێم باشترە ، لەوەی کە سینەی پڕبێت لە شیعر ) ( رواه البخاري ومسلم ) کە لێرە مەبەستی شیعری خراپە . چەند دڵمان هەیە پڕیەتی لە شیعری خراپ و شتی بێ سود ؟ کە زۆربەی زۆری بانگمان دەکات بۆ تاوان و خراپە و ئارەزوبازی ، پەنا بەخوا تەنانەت کوفریشی تێدایە !! بەناوی هونەری شیعرەوە و بە حیساب بۆ دڵ نەوایی دڵی دەیڵێتەوە !! بەڵام ئەوە ئاگرە و دڵی پێ ئاگر دەدات لە هەمان کاتدا دڵ تەنها بە یادی خوا ئارام دەگرێت .

وە ( ابن القيم ) دەفەرمووێت : ئارام گرتن لەسەر ئارەزوەکان زۆر ئاسانترە ، لە ئارام گرتن لەسەر ئەو ئازارانەی کە ئارەزوەکان توشی مرۆڤی دەکات .

کەواتە بەڕێزم خوای گەورە ئەمانەتێکی لات داناوە بیپارێزە ، ئەویش لە یەکەم هەنگاوەوە دەست پێ بکە ، و دڵت پاك بکەوە ، و مەیەڵە شەیتان خواردنی لێ دەست بکەوێت . هەروەکو چۆن زانایان دڵ و شەیتان بە پارچە گۆشتێك و سەگێك دەشوبهێنن !! کە دەڵێن : کاتێك سەگێك پارچە گۆشتێك ببینێت هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە چۆن دەستی بکەوێت ، تۆ هەرچەندە بتەوێت دەنگی بدەیت و دەری بکەی ، بەڵام هەر ناڕوات و نا ئومێد نابێ ، لە بردنی پارچە گۆشتەکە ، تاوەکو تۆ پارچە گۆشتەکە لا نەبەیت . بۆیە تۆش تاوەکو دڵت پاك نەکەیتەوە ، لە خراپەو خواردنەکانی شەیتان ، ئەوە تۆ هەر لە مەترسی ئەوەدای کە شەیتان دڵت برفێنێت ، با بەزوبانیش بڵێی مەیە مەیە !! چونکە شەیتان گۆشتی بینیوە و چۆن واز دێنێت ، وە شەیتان تا ئەو کاتە بۆی سەختە تا دەچێتە

**دڵتەوە ، پاشان کاردەکات تا دڵت داگیر دەکات ، و وێرانی دەکات ، و دەیکات بە مۆڵگەی خۆی . ئەگەر دڵیشت شەیتانی تیادا نیشتەجێ بوو ، دڵت ڕەش دەکات . پاشان خوای گەورە پەردەیەکی ڕەش دەدات بەسەر دڵتدا ، و ئیتر نە بیرهێنانەوەی مردن و نە قەبر و قیامەت و بەهەشت و جەهەننەم و فەرموودەی خوای گەورە کاریگەری لەسەرت نابێت .**

**ئیستا دڵت تاقی بکەوە ، بزانە زیندووە یان مردوە ؟ وەکو ئیبن مسعود دەفەرموویت : " بزانە دڵت لەو سێ شوێنەیە ؟ لە کاتی بیستنی قورئان ، و لە کاتی زیکرو یادی خوا ، و لە کاتی یەکلابونەوەت لەگەڵ خوادا ، ئەگەر دڵت لەو سێ شوێنە نەبوو ، ئەوا دڵت مردووە ، بۆیە داوا لە خوا بکە دڵێکی زیندووت پێ ببەخشێت .**

**وە ابن القیم دەفەرمووێت " دڵ فراوانترین و بە شکۆترین و بەڕێزترین و بەرزترین و پڕشنگدارترین و پاکترین دروست کراوی خودایە " .**

**کەواتە بەڕێزم ئاگاداری دڵت بە ، و ڕای بێنە لەسەر گوێڕایەڵی و بیرکردنەوە لە دەسەلاتی خوا ، و دروست کراوەکانی ، تاکو ئارام بێت ، و بە هۆیەوە بەختەوەری دونیاو قیامەتت بۆ بێنێ .**

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**بوخاری حەمید ، ز.کۆیە، خوێندنی ئایینی.**

***　***　***　***

## وتە زێرینەکان:

**ئیمامی خۆشەویت، شێخی ئیسلام، ابن القیم فەرموویەتی:**

## (( الزهد : سفر القلب من وطن الدنيا، وأخذه في منازل الآخرة ...))

**واتە:**

(( زوهد: گەشتی دڵە لە نیشتمانی دونیا. وە بردن و دانانیەتی لە نیشینگەکانی دواڕۆژە... ))

@@@@@@@@@@

@@@@@@@

## ساتی تەمەن

**زانای پایەبەرز شێخ(** محمد بن صالح العثمين**) ڕەحمەتی خوای لێ بێت : فەرموویەتی:**

**گومانی تێدانیە کە کاتەکانی تەمەن لە دینار و درهەم بەنرخ ترە،چونکە کاتەکانی تەمەن دەڕۆن و هەرگیز ناتوانرێ بگەڕێنرێتەوە،و هەموو ڕۆژێکمان کە دەڕوا دوور دەکەوینەوە لە دونیا،ونزیک دەبینەوە لە دواڕۆژ (قیامەت) ڕۆژەکانی تەمەنمان دەڕوات،کاتەکان تەواو دەبن،ساڵەکانیش دەڕۆن،مرۆڤەکانیش دەگەنە ئەو ئەجەلە حەتمیەی کە خوای گەورەو میهرەبان لەبارەیەوە ئەفەرموێ:** ﴿إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَلا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلا يَسْتَقْدِمُونَ ﴾

**لە کاتێکدا ئەمە حاڵی تەمەنە،و حەقیقەت و ڕاستی ڕۆژەکان و کاتەکانێتی ، بۆیە پێویستە لەسەر ژیر و تێگەشتوو(چ جای موسڵمان) کە کاتەکانی تەمەنی لەو شتەدا سەرف بکات کە لە پێناوی دا دروست کراوە،ئەوەش کە هەموومان لە پێناوی دا دروست کراوین (بەندایەتی خوایە) خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێ:** ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ ﴾

**بەندایەتیش : ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە خوا نزیکمان دەکاتەوە لە ووتە و کردار ، ئیتر ئایا کرداری ئەندامە دیارەکان بێت،یا کرداری دڵ بێت،وە ئایا ووتەی زمان بێت،یا ووتەی دڵ بێت کە ئیعتیقاد و باوەڕبوونە.**

لقاء باب المفتوح (٣-٦٣-٦٤).




**و.جلیل إبراهیم**

**دەرچوی پەیمانگای ئیسلامی کوردستان بۆ پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتار خوێن**

## ماددەی هۆشبەر

**هۆشبەر :** واتە لاوازبون و تەمبەڵی و خاوبونەوە و نەمانی هۆش دەڵێن : ( فلانە کەس هۆشی بەلای خۆیەوە نەما ) . مادده هۆشبەرەکان عەقڵ و هەست تێك دەدەن و خەیاڵ و هەڵوەسە بۆ مرۆڤ دروست دەکەن . لە سەرەتادا توشی نەشئە و خۆشیەکانی دەکەن و پاشان مرۆڤەکە دەگەڕێتەوە باری جارانی .

**مێژووەکەی :** زۆر کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ پێش زاین ، سۆمەریەکان ئەفیۆنیان بەکارهێناوە پێ یان ووتوە ( ڕووەکی بەختەوەری ) . وە لە ئێستادا واخەملێنراوە کە ٣٪ ی دانیشتوانی گۆی زەوی یان ١٨٥ ملیۆن کەس ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن لەنێوان ئەوانیشدا خەڵکی نزیکەی هەموو ولاتەکانی جیهان و هەموو بوارەکانی ژیانی تێدایە .

**جۆرەکانی ماددەی هۆشبەر :**

١ . ووریا کەرەوەکان ( Stimulants ) ، وەك : کۆکاین . کراك ، هیرۆین ( ئەفیۆن . تلیاك ) ، هەڵمژینەکان ، سیکۆتین .

٢ . هەڵوەسهێنەکان ( Halluginogens ) ، وەك : کانەبیس ( حەشیش ) ، قارچکی ئەفسوناوی ، بەنج ، LSD ، DMT .

٣ . بێهۆشکەرە پزیشکیە گشتییەکان ، وەك : نۆڤۆکائین ، لیدۆکائین ، کلۆراڵ ، بینتۆ تاڵ .

**کاریگەریە خراپەکانی ماددەی هۆشبەر :**

١ . ئەم ماددانە دەبنە هۆی نەمان و شێوانی توانای کۆنترۆڵ کردن و ووردبینی .

٢ . هەروەها دەبنە هۆی گوێ بیستبوونی شتی نەبیستراو یان تام کردنی شتی نەبینراو .

٣ـ ئارامنەگرتن و بێ ورەیی و چوونە ناو گەشتی خەیاڵی ناواقیعی.

٤ . ئەم ماددانە دەبنە هۆی بینینی تێکەڵبونی ڕەنگەکان یان کەلوپەلەکان یان بینینی خورافات .

٥ . دەبێتە هۆی هەستکردن بەوەستانی کات و بیرکردنەوە هەروەها هێواشبونەوەی میلی کاتژمێر .

٦ . دەبێتە هۆی ترسی بێ هۆ ، گومانکردن لەدەوروبەر.

٧ . دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و شڵەژان .

٨ . دەبێتە هۆی گۆڕانی دەست بەجێی بیروڕاو زەوق لە خراپ بەکارهێنەرەکاندا .

**چارەسەر :** سەرەتا پێویستە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا هەست بە بەرپرسیارێتی خۆیان بکەن ، بزانن کە بەو کارەیان نەك زیان بەخۆیان دەگەیەنن بەڵکو دەبنە بار بەسەر کۆمەڵگاوە وە پاشان دوچاری نەهامەتی و مەینەتی دەبن .

هەروەها پێویستە ئەوەش بزانن چەند ژیانی ئەم دونیایەیان درێژە بکێشێت ڕۆژێك دەبێت بەرەو ماڵی گۆڕی تاریان ملی ڕێ بگرن ، وەکو شاعیر دەڵێت :

ئێوارەی ژین بەسەرداهات ناچاری بازاڕ هەڵبگریت
بەرەو ماڵی گۆڕی تارت بەتەنها ملی ڕێ بگریت
گوناهت کرد تامی ڕۆی سزاکەی وا چاوەڕێتە
د ەفرمێسکی پەشیمانی هەڵبرێژە هەتا ئەمریت



وە هەروەها پێویستە حوکمەت و کاربەدەستانیش ڕێ و شوێنی توند بگرێتە بەر بۆ بنەبڕکردنی ماددەی هۆشبەرەکان ، و ڕێگرتن لە هەموو کارێکی نائاسایی .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**ئامادەکردنی . غالب عبدالله : ك.پ.کلار/ بایۆلۆجی**

### وەڵامێك بۆ شوبهەی بێباوەڕان

ناحەزانی ئاین هەر لە دێر زەمانەوە هەوڵی ناشیرینکردنی ئاینەکانیان داوە و ویستوویانە خەڵکی لە پەیوەستبوون بە ئاین دوور بخەنەوە ، دیارە ئەوەش لەبەر ئەو بەرژەوەندیە دونیاییە جیاوازانەی کە هەیانبووە، یەکێك لەو هەوڵانەش کە داویانە قسەی نابەجێ و بوهتانکردن بووە بۆ پێغەمبەران (علیهم السلام) وە بۆ ئەو پەیامانەی کە بۆیان هاتووە ، لەو قسە نابەجێیانەش ئەوەیە کە :

هەندێك لە کەسە بێباوەڕ و نەزانەکان پێیان وایە پێغەمبەری خوا ﷺ خاوەن زیرەکی و توانایەکی ئەوەندە زۆر بووە کە وای لێکردووە پێوەری چاکە و خراپەی شتەکان بزانێت و هەق و باتڵ لە یەکتر جیابکاتەوە ، وە پێیان وایە قورئان هەڵێنجان و ئەنجامی زیرەکی و ژیری پێغەمبەرە ﷺ و بەشێوازی خۆی دایڕشتووە !!!!

دەپرسین چ شتێك لە قورئاندا پشت بە زیرەکی و هەڵێنجان و هەستکردن دەبەستێت ؟ لایەنی باسکردنی نەتەوەکانی پێشوو و دروست بوونی گەردوون و بەهەشت و دۆزەخ کەبەشێکی زۆر لە قورئانی بۆ تەرخانکراوە هیچ عاقڵێك گومانی نیە لەوەی کە لە ڕێگەی وەحیەوە ئەم هەواڵانە دراون و لە توانای مرۆڤدا نین ، چونکە قورئان ئەو چیرۆکانە زۆر بە وردی دەگێڕێتەوە و کاتی ڕوودانی ئەو چیرۆکانەش بە چەندەها سەدە پێش لە دایکبوونی پێغەمبەر ﷺ بووە ، وە هیچ کتێبێکیش نەبووە کە وردەکاری ئەو ڕووداوانەی تێدا باسکرابێت کەواتە دەبێت هەر لە ڕێگەی وەحی ئیلاهییەوە ئەو زانیارییانەی پێگەشتبێت ئەگینا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو زانیاریە وردانەی لە کێوە دەست کەوت ؟!

پاشان ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لە سەرۆکایەتی و دەسەڵاتداریێتی بووە و ئەم قورئانەشی بۆ ئەوە داناوە بەهۆیەوە ڕێزی لێ بگیرێت باشە بۆچی ئەو قورئانە دەداتە پاڵ خوای گەورە و ناڵێت خۆم نوسیومە ؟!!! خۆ ئەو کاتە زیاتر بەناوبانگ و ڕێزدار دەبێت چونکە شتێکی نوسیوە کە کەس نەیتوانیوە و ناتوانێت بینوسێت !!!!!!!

ئەم قسە ترسناکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەشوبهێنێت بەو سەرکردە گومڕایانەی کە پردی درۆ و گومڕاکردن بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بەدەسەڵات کە ئەمەش پێچەوانەی سیرە و ژیانی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە پڕە لە نمونەی جوان و ڕەوشت و ئاکاری بەرز .

عائیشە کە خێزانی پێغەمبەری خوا بووە ﷺ بوهتانی داوێن پیسی بۆ کرا تاوەکو هەواڵەکە گەیشت بە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکانی ﷺ وە تووشی خەم و خەفەتی کردن ئەم حاڵەتەش تا یەك مانگ درێژەی کێشا پاشان ئایەتەکانی سورەتی نور دابەزین و داوێنپاکی عائیشەیان سەلماند .

لێرەدا دەپرسین ئایا ئەگەر ئەم قورئانە قسەی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو بێت ئەی بۆچی هەر لەسەرەتاوە چەند ئایەتێکی نەوت و مەسەلەکەی بڕیایەتەوە ؟!

پاك و بێگەردی بۆ خوای پەروەردگار لەو قسەلۆکانەی کە بێباوەڕان دەیکەن .

یان دەڵێن : محمد ئەم قورئانەی لە ڕێگەی مامۆستایەکەوە وەرگرتووە !!!!!!!!

بەڕاستی ئەمەش درۆیەکی گەورەیە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بە نەخوێندەواری پێگەیشتووە و بە نەخوێندەواریش ژیاوە و لە ناو نەتەوەیەکیش دا دەرکەوتووە کە هیچ زانایەك و خوێندەوارێکی دیاریان لە بواری زانست و فێرکردندا تێدا نەناسراوە ، ئەمەش ڕاستیەکە مێژوو شاهیدە لە سەری و گومانی تێدا نیە .

وە هیچ بەڵگەیەکی مێژووویش نیە بیسەلمێنێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێش ئەوەی ببێت بە پێغەمبەر هیچ زانیارییەکی دینی لە هیچ زانایەك وەرگرتبێت ، وە لە پاش پێغەمبەرایەتیش ئەوەی گێڕدراوەتەوە ئەوەیە کەسانی تر سودیان لێوەرگرتووە نەك سودی لەوان وەرگرتبێت لە ڕووی دینییەوە .

بەو کەسە ڕق لە دڵانە دەڵێین : بێ زەحمەت ناوی ئەو مامۆستایە چییە کە پێتان وایە محمد ﷺ قورئانی لێوەرگرتووە ؟!!!!

لە وەڵامدا دەڵێن لە کەسێکەوە وەری گرتووە بەناوی ( حداد رومي ) یەوە ! ئایا عەقڵی ئینسان ئەوە قبوڵ دەکات قورئانێکی پڕ لە زانست و زانیاری لە کەسێکی ئاسنگەرەوە وەرگیرابێت کە نە زانا بێت وە نە خوێندەوارێکی

بەناوبانگ؟!

لە کۆتاییدا بەو جۆرە کەسانە دەڵێین : عەرەب لە سەرەتاوە زۆر لە ئێوە توندتر دژایەتی دینیان کرد و قورئانیان بە درۆ دەزانی بەڵام لە کۆتاییدا هیچیان بۆ نەمایەوە و چۆکیان دادا چونکە زانییان و بۆیان ڕوون بووەوە کە قورئان وتەی خوایە و دژایەتی کردنی جگە لە ماندوبوون و خەسارۆتمەندی سودێکی تری نیە .

خوای گەورە هیدایەتی ئەو کەسە نەزانانە بدات بۆ سەر ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتی .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**إدريس محمود . دەرچوی یاسا**

*** ** ***

**با سوودێك وەرگرین..**

بسم الله، الحمدلله و الصلاة و السلام على حبيبنا رسول الله، و بعد:

خۆشەویستان خوای ثەروەردطار لة قرئانی ثیرؤزدا دةفةرمویَت: "وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجعَل لَهُ مَخرَجًا. وَيَرزُقهُ مِن حَيثُ لاَ يَحتَسِبُ " (الطلاق:٢-٣).

واتە: هەرکەس تەقوای خودای هەبێت ئەوا خودا دەروی لێدەکاتەوە، وە رزق و ڕۆزیشی بەجۆرێك دەدات، کە هەرگیز حسابیشی بۆ نەکردووە.

جا هەوڵدان و بەردەوامی لەسەر هەوڵدان بۆ گەشتنە تەقوا و خۆشەویستی خودا، دڵ پەیوەستبوون و دەم بە یادبوون و جەستە و دڵ ئامادەبوون لەکاتی پەرستشدا هۆکارن بۆ کردنەوەی دەروی خێر و دەروی نەجات و سەرفرازی دونیا ودوارۆژ..

ئەگەر وردبینەوە لە چیرۆکە قورئانیەکان، ئەوسا دەبینین کە خوای پەروەردگار بەندە چاکەکانی لە توندترین و نارەحەتترین هەل و مەرجەکانی ژیان...!! لە دەستی زاڵمان و دڵ ڕەقان...!! لە ناخۆشی و نەخۆشی و ناهەمواریەکانی ژیان..!! لەهەر شتێك کە ئازاری تێدابێت بۆیان..! چۆن بەتەواوی و جوانی و ڕەحمی خۆی نەجاتی دان و سەرفرازی دونیا وقیامەتی کردن..؟!

ئاخۆ دەمانەوێ بگەینە ئەو ئاستە بەرزەی ئیمان..!

**زانست**

**چۆن (( بیدعە )) بناسینەوە ؟؟**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ﷺ... أما بعد:

بەڕێزان : هەرچۆن شەریك بۆخوا بڕیاردان گەورەترین ستەم و تاوان، و لێ خۆشبوونی نیە و خاوەنەکەشی هەتاهەتایی لەدۆزخدا دەمێنێتەوە . بەهەمان شێوەش گەورەترین تاوان و بوهتان کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ و دینی ئیسلام ( بیدعەیە ) .

خۆشەویستان: کە تاوانێك ئاوا گەورەبێت ، چۆن ئینسانی عاقڵ وژیر نابێت بەدوایدا بگەڕێت وبیناسێت ، تاکو خۆی لێ بەدووربگرێت . ئێستاش ( بدعة ) دەناسێنین ، بەبەڵگەی قورئان وحەدیس وتەی صەحابە و زانایان ، بەکورتی لەبارەیەوە ئەدوێین .

بدعە ( داهێنراو ) لەزمانەوانیدا : واتە داهێنانی کارێك کە پێشووتر لەسەر شێوەی نەبووبێت . ﴿ بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ﴾ ( البقرة : ١١٧ ) واتە : خوا داهێنەری ئاسمانەکان وزەویە . بدعە ( لە شەرعدا ) : ( شيخ الإسلام ابن تيمية ) رحمه الله فەرمویەتی : داهێنانی کارێکە یا شتێکە ، کە پێچەوانەی قورئان وسونەت ویەك دەنگی سەلەفی ئومەت بێت ، جا لەبیروباوەڕدا بێت یان لە عیبادەتدا بێت . ( مجموع الفتاوى : ١٨ / ٣٤٦ ) . شیخ ( حافظ الحكمي ) رحمه الله فەرمویەتی : واتای بدعە ئەوەیە لەشەرعدا : داهێنانی کار و کردەوەیەکە ، لەشەرعی ئیسلامدا خوا فەرمانی پێ نەکردووە ، وە پێغەمبەریش ﷺ ئەمری نەکردووە بکرێت ، وە صەحابەکانیش نەیان کردووە و فەرمانیان بەکردنی نەکردووە . ( معارج القبول : ٢ / ٥٠٢ ) . خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ .. الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ .. ﴾ ( المائده : ٣ ) واتە : لە ئەمڕۆوە بەرنامە و ئاینەکەتانم بۆ(کامل) تەواوکردن ) ، کەواتە دینەکەمان تەواوە و هیچ کەم و کوڕیەکی نییە و پێویستی بەزیادکردن نیە ، چونکە خوایەك دینەکەی بۆ داناوین ، کە هیچ شتێکی لەبیر ناچێت ، ئەوەی سود و قازانجی تێدا بێت پێی ڕاگەیاندووین . پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : " وشر الأمور محدثاتها ، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار " ( رواه مسلم ) واتە : خراپترین کردەوە ئەوانەن کە داهێنراون ، وە هەموو داهێنراوێکیش بیدعەیە ، هەموو بیدعەیەکیش گومڕای یە ، وە هەموو

گومڕایەکیش لە ئاگردایە . وە فەرمویەتی ﷺ : " من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد " ( مسلم ) واتە : هەر کەسێك کردارێك بکات لەناودیندا ، فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەتدەکرێتەوە و قبوڵ ناکرێ " وە دەفەرموێت ﷺ : " من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد " ( البخای و مسلم ) واتە : هەرکەسێ داهێنراوێك دابهێنێت ، ئەمری ئێمەی لەسەر نەبێت ڕتدەکرێتەوە و لێی وەرناگیرێت .

( حافظ ابن رجب ) رحمه الله قاعیدەیەکی زۆر مەزنی لەم حەدیسەدا دەرهێناوە بۆ ناسینەوە و لێك جیاکردنەوەی بیدعە وسونەت لەیەکتر ، لەسێ خاڵدا : (( ١ ـ هەرکەسێك شتێك دابهێنێت . ٢. وە بدرێتەپاڵ دین . ٣.وە لەدینیشدا نەبێت وفەرمانی پێنەکرابێت )). ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی ، چونکە سەرلێشێواویە ودینیش لێی بەرییە ، جا یەکسانە ئەو داهێنراوە لەبیرو باوەڕدا بێت یان کار و کردەوە بێت یان قسەو کوفتار بێت یان ئاشکرا یان نادیار بێت . ( جامع العلوم الحكم : ص ٢٢٣ ) . کەواتە هەرکارێك هاتە ڕێگات ، کە قەولی خوا و پێغەمبەر ﷺ و صەحابەکانی لەسەر نەبوو خێر لەوەدایە نەیکەیت و شەڕ لەوەدایە ئەنجامی بدەیت ، جا ئەو کارە هەرکەسێك بیکات بە هەر ناوێك و پلە و پایەیەکەوە، چونکە خوا و پێغەمبەر ﷺ جێبەجێکردنی فەرمانیان لەپێشترە نەك ئەو کەسانەی بیدعە دەکەن لەناو دیندا .

ئازیزان : هەر بیدعەیەك بکرێت و زیاد بکرێ ئیلا سونەتێك لەجێگای ئەو لەناودەچێت ودەمرێت ، وە بیدعەچیش لەڕۆژی دوایدا سزا دەدرێت ، چونکە تۆمەتی داوەتە پاڵ دینی ئیسلام و بە کەموکوڕی داناوە ، ئەو هاتووە بەحیسابی عەقڵە بچوکەکەی خۆی تەواوی کردووە و کارێکی باشی کردووە ، نازانێت کە گەورەترین فیتنەی توشی خۆی وموسوڵمانان کردوە ، وە تاوانی هەموو ئەوانەی لەملە کەئەنجامی دەدەن .

( ابن مسعود ) رضي الله عنه فەرمویەتی : ( شوێن ئیسلام بکەون و بیدعەمەکەن ، ئیتر بەستانە ) ( قاموس البدع : ص١١٥ ، و سنن الدارمی : ٢١٠ ) .

( ابن عمر ) رضي الله عنه فەرمویەتی : ( هەموو بیدعەیەك سەرلێشێواویە ، ئەگەر خەڵکیش بەباشی بزانن ) ( قاموس البدع : ٤١٤ ، أصول الاعتقاد ص١٢٦ اللالكائی ) .

( إمام مالك ) رحمه الله فەرمویەتی : ( ئەو کەسەی بیدعەیەك بکات لەدیندا و بەباشی بزانێت ئەوا وا گومان دەبات محمد ﷺ خیانەتی لە پەیامەکەی خوا کردووە و نەی گەیاندووە ، چونکە دەفەرموێت : ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ﴾ ، واتە : ئەمڕۆ دینەکەتانم بۆ (کامل) تەواوکردن ) وە ئەوەی ئەو ڕۆژە دین نەبوبێت ئەوا ئەمڕۆش دین نیە ) ( توجيهات الإسلاميه ص٣٧ محمد جميل زينو ) .

خوێنەران : کەواتە بۆمان دەرکەوت کە بیدعە نەهی لێکراوە و چەند کارێکی خراپە لەدیندا ، وە تۆش هەڵمەخەڵەتێ بەقسەی هیچ کەسێ کەوتی کارێکی باشە ، بەڵێ بەعەقڵی ئەو باشە ئەگینا لای خوا زۆر خراپ وقێزەوەنە ، وە خاوەنەکەشی سزادەدرێت لەسەری لەڕۆژی دوایدا .




کەواتە : هەر کارێکت ئەنجامدا یان پێیان وتی تۆش بڵێ ئایە خوا و پێغەمبەر ﷺ فەرمانیان پێکردووە صەحابەکان کردوویانە ؟ کە ئەوان ئەمریان پێکردبوو لەسەر سەر و چاوتی دابنێ وجێبەجێی بکە ، کە فەرمانی ئەوانیشی لەسەر نەبوو ئەوە خۆتی لێ بەدوور بگرە و مەیکە، چونکە ( شیرك پێچەوانەی تەوحیدە ، وە بیدعەش پێچەوانەی سوننەتە ، وە ناڕەوایش پێچەوانەی حەقە ) قەتیش بەیەکەوە کۆنابنەوە .

( إن شاء الله ) لە ژمارەی داهاتودا ئەو گومان و شوبهەیە ڕوون دەکەینەوە ، کە دەڵێن ( بیدعەی حەسەنە ) هەیە .

**شالاو لطیف ز/سلێمان. ك / زانستە ئیسلامییەکان**

## شێوازێ گازیا دروست

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شـرور أنفسنا وسيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله أما بعد :

براستی گازیكرن بو رێكا خودێ ئەوە رێبازا پێغەمبەران . علیهم السلام . و دیكەفتیێن وی ، هەروەكی خودایێ مەزن دبێژیتن : ﴿ قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ ( يوسف : ١٠٨ ) ، و ئەڤا هەیە ئەركێ پێغەمبەران . علیهم السلام . ودیكەفتیێن وی ، بو دەرئێخستنا خەلكی ژ تارییاتیێ بو روناهیێ و ژ كوفرێ بەرەڤ ئیمانێ و ژ شركێ بەرەڤ تەوحیدێ و و ژ ئاگرى بەرەڤ بەحەشتێ .

گازیا دروست یا ل سەر هندەك بنەمایان هاتیە ئاڤاكرن ، هەرگاڤەكا كێماسی كەفتە ئێك ژ بنەمایێن وێ ، هنگیە كو ئەو گازی توشی شكەستنێ دبیتن ، ئەگەر چەند پێكول هاتبیتە كرن وچەند دەم هاتبیتە مەزاختن ، هەروەكی گازیێن هەڤچەرخ كو ل سەر وان بنەمایان نەهاتینە ئاڤاكرن ، ئەو بنەما ژێك ئەڤەنە :

١ . ( زانین ) ب وێ یا كو گازی بو تێتە كرن ، ئانكوبو مروڤێ نەزان نینە كو ببیتە گازیكەر ، خودایێ مەزن گوتە پێغەمبەرێ خو : ﴿ قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ﴾ ومەعنا ( البصيرة ) زانینە ، چونكی مروڤێ گازیكەردەمێ بەرامبەرى زانایێن رێبەرزە دراوەستیتن ، گومان و شكان بووی دروستكەن د دەمێ دانوستاندنێدا بو نەهێلانا راستیێ ، خودایێ مەزن دبێژیتن : ﴿ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾ ( النحل : ١٢٥ ) ، و هەروەسا دەمێ پێغەمبەر سلاف لێ بن گوتیە ( معاذ ) ی : " إنك تأتي قوما من أهل الكتاب " ( رواه البخاري ومسلم ) ، لەو مایا فەرە ل سەر گازیكەران بەرهەڤ بن ل هەر دەمەكیدا چونكی ئەگەر ب ڤێ رێكێ نەبیتن هەر ل دەستپێكێ دێ توشی شكەستنێ بن .

٢ . ( كار پێكرن ) ب وێ یا گازی بو تێتە كرن ، داكو ببیتە چاڤلێكەر بو مروڤینیێ د گوتن وكریارێن خودا ، خودایێ مەزن دبێژیتن : ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴾ ( فصلت : ٣٣ ) .

٣ . ( ئیخلاص ) د گازیا گازیكەریدا هەبیتن ، ئانكو كارى نەكەتن ژ بو دەستڤەئینانا ناڤ ودەنگیێ وپلێن بلند یان ڤیانا دنیایێ كارتێكرنێ لێ نەكەتن بو دەستڤەئینانا پەرتالێ دنیایێ هەروەكی دەمێ خودایێ مەزن بەحسێ پێغەمبەرێن خو دكەتن وكو دەمێ وان دگوتە مللەتێن خو : ﴿ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا ﴾ ( الأنعام : ٩٠ ) ، ﴿ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مَالًا ﴾ ( هود : ٢٩ ) .

٤- دەستپێكرن ب كارێن گرنگ ، ئانكو دەست پێ بكەتن ب چاكسازیا بیرو باوەڕان و فەرمانكرن ب ئیخلاصێ د پەرستنێ دا و پاشڤەلێ دان ژ شركێ ، پاشی فەرمانكرن ب كرنا نڤیژێ و دانا زەكاتێ و كرنا كارێن واجب و هێلانا كارێن حەرام هەروەكی ئەڤە رێكا هەمی پێغەمبەران بویە خودایێ مەزن دبێژیتن : ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾ ( النحل : ٣٦ ) .

٥ . ( الصبر ) ئانكو كەسەكێ خوڕاگر بیتن ل سەر گەهاندنا پەیاما ئیسلامێ ، چونكی رێكا بەلاڤكرنا ئیسلامێ نەهاتیە خەملاندن ب گولان ، بەلكی یا هاتیە دور پێچكرن ب ئاستەنگان و نەخوشیان ، خودایێ مەزن دبێژیتن : ﴿ وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴾ ( الأنعام : ١٠ ) .

٦ . هەبونا رەوشتێ جوان لدەف كەسایەتیا گازیكەرى ، خودایێ مەزن د راستا پێغەمبەریدا سلاف لێ بن دبێژیتن : ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ ﴾ ( آل عمران : ١٥٩ ) .

٧ . بێ هیڤی نەبون د رێكا گازیا ئیسلامێ ئەگەر چەند دەم ژى ڤەكێشیتن ، وەكی ( نوح ) پێغەمبەر سلاف لێ بن كو ئەو ( ٩٥٠ ) سالان بەردەوام بو ل سەر بەلاڤكرنا پەیاما خودایێ مەزن .

ل دوماهیێ داخاز ژ خودایێ مەزن دكەم كو مە موكم بكەت ل سەر رێبازا دوروست .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**نزیر سعید .ز.سلێمانی.ك.زانستە ئیسلامیەكان**

## زانست بەڵگەیە لە سەر کافر، نەك بەڵگە بێت بە دەستی !!

الحمدُ لله ربّ العالمين ، والصّلاة والسّلام على نبيّنـــا محمّــــد ، وعلى آله وصحبه أجمعين ، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدّين .. أما بعد :

زانست دۆستان خۆشحاڵم کەوا ئەم بابەتە بنوسم ، چونکە وەڵامی یەك دوو پرسیاری گرنگی تێدایە ، لەگەڵ چەند باسێك !! کە بە بیرو هۆشی زۆرێکمان دا دێت ... سەرەتا با لەو پرسیارە گرنگەوە دەست پێ بکەین کە ئەویش ئەوەیە ئایا ئیسلام وەك دینی گشت مرۆڤایەتی چ پەیوەندیەکی بە تەکنەلۆژیاوە یان زانستی سەردەم هەیە ؟؟ لە وەڵامدا دەڵێین : ئیسلام هانی هەموو شتێك دەدات کە لە سنوری شەرعدا بێت ، و خزمەتی مرۆڤایەتی تێدا بێت . یەکێك لەم شتانەش زانستی سەردەم ، یاخود تەکنەلۆژیایە . بێگومان ئیسلام هانی داهێنانی دونیایی دەدات ، وەکو : دروست کردنی شەمەندەفەر ، و فڕۆکە ، و کۆمپیوتەر ، و ئۆتۆمبیل ، و پانکەو ... هتد ، چونکە خوای تەعالا لە ئایەتێکدا دەفەرمووێت : ﴿ وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى ﴾ ( النجم : ٣٩ ) . واتە : پاداشت بۆ مرۆڤ نیە ، تەنیا ئەو شتەی کە هەوڵی بۆ دەدات . کەواتە ئەمە هاندەرە بۆ مرۆڤ تا دەست بکات بە داهێنانی دونیایی . وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ ، دەفەرمووێت : (( أنتم أعلم بأمر دنياكم )) ( صححه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ١٤٨٨ ) .

کەواتە تۆ ڕێت پێدراوە ، داهێنان بکەیت بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە لە گشت بوارەکانی ژیاندا ، وەکو : گواستنەوە ، و بونیاتنان ، و تەندروستی ، و زمانزانی ، و هتد ... بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە داهێنان لە دیندا ڕێگری لێکراوە ، چونکە دین خۆی تەواوە ، و پێویستی بە زیاد کردن نیە . پێغەمبەر ﷺ ، دەفەرمووێت : " وإيّاكم ومحدثات الأمور فإنّ كلّ محدثة بدعة وكلّ بدعة ضلالة " ( السلسلة الصّحيحة : ٦ / ٢٣٨ ) . کەواتە بۆت نیە داهێنان لە دیندا بکەیت ، بە پێچەوانەی داهێنانی دونیایی کە ڕێپێدراوە ،بەمەرجێ ئەویش لە بێ شەرعی دا نەبێت !

یەکێك لە پرسیار و شوبهەکانی تر ئەوەیە : کاتێك کافرێك شتێك دەدۆزێتەوە ، موسڵمانەکان دەڵێن : خۆ ئەوە لە ئیسلامدا هەیە ، جا ئەوانیش دەڵێن ئەی بۆچی خۆتان نایدۆزنەوە ؟! ئەمە پرسیارێکی گرنگە و لە جێی خۆیەتی ، لە وەڵامدا دەڵێین : کە موسڵمان خۆی بیدۆزێتەوە ، موسڵمان هیچ گومانێکی لە قورئان وسوننەت نیە ، بەڵام کە کافرێك داهێنانێك بکات ، یا زانستێك بدۆزێتەوە ، ئەمە دەبێتە بەڵگە لەسەری تا موسڵمان بێت ، نەك بەڵگە بێت بە دەستی ، چونکە هەر زانستێك کە دەدۆزرێتەوە ، لە قورئاندا سەرچاوەیەکی هەیە یان هاندانێکی تێدا دەبینیت ، بۆ بەدەستهێنانی . نمونەش زۆرە لە مێژوودا کە چۆن زانایانی بێ بڕوا بە ئایینی ئیسلام ، دوای دۆزینەوەی زانست ، موسڵمان بوونی خۆیانیان ڕاگەیاندوە ، جا لە هەر بوارێکدا بێت : گەردوونی ، پزیشکی ، ئەندازەیی ، زەمین ناسی ... هتد . وە ئەمەش بە سودە بۆ کافر ، ئەم داهێنانە بکات ، چونکە دەبێتە هۆیەك بۆ موسڵمان بوونی . بەڵام وەکو وتمان : موسڵمان گومانی نیە لە ئیسلام . ئەمەی خوارەوەش نمونەیەکی مێژووییە دەربارەی موسڵمان بوونی پزیشکێکی زانکۆی لەندەن ، کە پسپۆڕ بوو لە زانستی : ( کۆرپەلە زانی ) ، ( الأجنة : embryology ) . ڕاستیەکی زانستی ئاشکرای کردووە ، و دەڵێت : کەوا زانایانی ( کۆرپەلەزانی ) ، بۆی دەچن کۆرپەلە لە سکی دایکەکاندا لە سەرەتا بە قۆناغی ( رخوة ) ، دەست پێ دەکات .

بەڵام من لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دۆزیمەوە ، کە کۆرپەلە لە سەرەتادا بە قۆناغی ڕەقیدا دەڕوات ، پێش قۆناغی گۆشتی . خوێندکارێکی موسڵمان پێی وت : ئەی مامۆستای بەڕێز ، قورئانی پیرۆز لە پێش تۆدا و بە هەزار و چوار سەد ساڵ ئەوەی سەلماندوە ، دکتۆرەکە بە سەر سوڕماویەوە وتی ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە ؟! قوتابیە موسڵمانەکە وتی : ئەوەی کە تۆ ئەمڕۆ دۆزیوتەوە ، قورئانی پیرۆز لە پێش تۆدا باسی کردوە ، دکتۆرەکە وتی ئەم ئایەتەم بۆ بڵێ ، ئەویش وتی خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ﴾ ( المؤمنون : ١٤ ) . دکتۆرەکە وتی : با ئەوە لە نێوانی من و تۆدا بمێنێت ، تاکو دڵنیا دەبم لە بوونی ئەو ئایەتە لە قورئانەکەتاندا . بەڵێ دکتۆر و پسپۆڕەکەی زانکۆی لەندەنی پزیشکی ، کە زانای جیهانی کۆرپەلە زانی بوو ، گەیشتەوە بە کوڕە موسڵمانەکە ، و حەکەمیش لە نێوانیاندا قورئانی پیرۆز بوو ، فێرخوازەکە قورئانی بۆ هێناو ،

ئایەتەکەی پێشووی بۆ خوێندەوە ، بەڵێ مامۆستای بەریتانی ئایەتەکەی بیستوو دانی پیّ دانا ، و بوو بە بەڵگە بەسەریەوە ، نەک بە دەستیەوە. و موسڵمانبوو ، ووتی : ( أشهد أن لا إله إلاّ الله و أشهد أنّ محمّدا رسول الله )

( بڕوانە: گوڵ بژێرێك لە وتەی دانایان و زانایان ) .

**کارمەند محمد قادر.ك. پزیشکی.ز.کەرکوک**

## پەنا بەخوا لە دۆستی دوژمن

الحمد لله رب العالمين و الصلاة و السلام على نبينا محمد و على آله وصحبه أجمعين ، وبعد :

ئەبو هورەیرە ﵁ دەفەرمووێت یەكێك لە دوعا و پارانەوە و داواكارییەكانی پێغەمبەر ﷺ لە خوای پەروەردگار بریتی بوو لەم دوعایە : " اللهم إني أعوذ بك من جار السوء ، ومن زوج تشيِّبني قبل المشيب ، ومن ولد يكون علي ربا ــ ( وفي الرواية وبالا ) ــ ومن مال يكون علي عذابا ، ومن خليل ماكر عينه تراني وقلبه يرعاني ، إن رأى حسنة دفنها ، وإذا رأى سيئة أذاعها " ( أخرجه الطبراني في الدعاء : ٣ : ٤٥ ) .

لەم حەدیسەدا پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای بەخوا گرتووە لە پێنج شت ، كە هەموویان لە مرۆڤ نزیكن بە بەردەوامی ، وە نزیكییان و پابەندبونیان بە مرۆڤەوە ، ترسناكی گەورە دروست دەكات بۆ سەر ئەو موسوڵمانە ، چونكە ئەگەر دوژمنێكی دوور بونایە ، ئەوا تاڕادەیەك موسوڵمان لە ئیسراحەتدا دەبوو چونكە بەردەوام دوژمنەكەی بەرامبەری نەدەبوو ، بەڵام ئەم پێنج دوژمنە لە دوژمنی دەرەكی زیانیان زیاترە لەبەر دوو هۆ :

١ . بەردەوام لەگەڵت دان .

٢ . وا دەرناكەون كە دوژمن بن ، بەڵكو بە دۆست و خۆشەویست و سودبەخش دەردەكەون و خۆنیشاندەدەن و مرۆڤیش دڵی پێیان خۆشە و خۆ پارێزیان لێناكات و وریا نابێت لە شەڕیان . لەبەرئەوە دەكەوێتە داویانەوە و زەرەری زۆری پێدەگات لەوانەوە بێت ئەوەی هەستیش بەخۆی بكات و دوژمنێكی دیارو ئاشكرا ببینێت !!!

ئەم پێنج دوژمنەش كە پێغەمبەر ﷺ داوای لە خوای گەورە كردووە پەنای بدات لێیان و بیپارێزێت لە شەڕیان ئەمانەن :

١ . دراوسێی خراپ .

٢ . هاوسەرێكی خراپ كە پیرت بكات پێش تەمەنی پیریت . كە سیفەتی ئەم هاوسەر بەشێوەیەكە كە كاتێك لای ئەویت لەماڵەوە بێزارت دەكات و ئازارت دەدات و دڵخۆشنابیت پێی ، وە ئەگەر دووریش كەوتیتەوە لێی و لەبەرچاوی نەبویت و لەماڵ چویتە دەر ، یان ئەو لەلات نەبوو ، ئەوا خیانەتت لێدەكات لە ماڵەكەت و لە شەخصی خۆشیدا .

٣ . منداڵی خراپ كە دەبێتە گەورە بەسەر دایك و باوكییەوە .

٤ . ماڵێك كە ببێتە عەزاب بەسەرمەوە .

٥ . دۆست و برادەرێكی فێڵباز ، كە من پاك و ڕاستم لەگەڵی بەڵام ئەو ناپاك و نا دڵسۆزە بەرامبەرم ، وە واش دەردەخات كە ڕاستە لەگەڵم و دڵسۆزە بۆم ، بەڵام لە ڕاستیدا قسە لوس و نەرماكانی فێڵن ، وە لێم لەكەمینداپە و چاكەكانم دەشارێتەوە و دەفنی دەكات ، وە خرپەكانیشم یەك یەك لەسەر دەنوسێت و كۆیان دەكاتەوە بۆ كاتی خۆی و بڵاویان دەكاتەوە و ئیعلانی دەكات .

لەبەر گرنگی بابەتەكە و بڵاوی خاڵی پێنجەم لە ناو خەڵكدا ، كە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە دەمەوێت لەسەر خاڵی پێنجەم زیاتر لەسەر بابەتەكە بدوێم . كەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە كەسە كە بریتیە لە هاورێیەكی دوژمن چاوی بە چاكەكانم هەڵنایەت ودڵی خۆش نیە بە پێشكەوتنم، بەڵام گەش دەبێتەوە كە خراپەیەكم لێ دەبینێت و هەڵەیەكم لێ بەدیدەكات ، بەداخەوە كە بە خاوەنی نهێنی خۆم دادەنا بەڵام نەمزانی كە ئەو سجلی داناوە بۆ نهێنی پێ خلیسكانەكانم بۆ ئەوەی لە كاتی بێ پێویست بوونی لێم كەشفی بكات و بیانكاتە خاڵ لەسەرم ، وەلای خەڵك باسیان بكات .

بێ وەفایە و چاكەی منی لەبەرچاو نەماوە ئەو كاتەی چاكەی لەگەڵ دەكەی بێدەنگە ، وە هەر كەلێی دووربویت دەكەوێتە غەیبەت و باسكردنت ، سوپڵەیە و ناسوپاس گوزارە ، بێ وەفایەو كە شتێكت لێ ببینێت كە بەدڵی نەبێت دوژمنایەتیت دەكات دوژمنایەتیەكی بێ ویژدانانە ، هەڵەی بچوكت لێ گەورە دەكات و كارێك كە مەجالی تەفسیری بۆ چاككردنی هەبێت ، هەڵی دەگێرێتەوە بۆ

خراپە و لێكدانەوەیەكی خراپی بۆ دەكات ، چونكە گومانی باشت پێ نابات و حەز لەوە ناكات بەسەركەوتوو و باش باس بكرێیت .

بۆ چی ؟! بۆ ئەوەی ئەگەر تۆ بكەویت بەڵكو خۆی سەركەوێت و ئەو جێگایە تۆ بگرێتەوە ، مەنزلەتی تۆ بەدەست بهێنێت لە ناو كۆمەڵگادا !!! بەڵام نازانیت هەركەسێك خراپەی بۆ برای مسوڵمانی بووێت ئەوا خوا دیفاعی لێدەكات و ئەویش سەرشۆڕ دەكات و بۆ خەڵكی دەری دەخات كە پیاوێكی حەسودە و پاڵنەری ڕەخنەكانی حەسادەتە !! وە ئەم جۆرە دۆستە بێ وەفایانە زیان بەخشن بۆیە پێویستە موسوڵمان وریا بێت لێیان ، وە پەنا بەخوا بگرێت لێیان . هەروەكو پێغەمبەر ﷺ پەنای بە خوا گرتووە لەم جۆرە دۆست و برادەرانە .

لە كۆتایدا دەڵێم ئەو كەسانەی كە لەسەر ئەم كارەن با لە خوا بترسن و دوركەونەوە لەو جۆرە هاوڕێیەی كە باسمان كرد . بۆیە داواكارم لە خوای گەروە كە یارمەتیمان بدات بۆ شوێن كەوتنی ڕێگای ڕاست و قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ... آمین ...

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**بە پوختە كراوی لە بابەتی**

**م.عبداللطیف أحمد، گۆڤاری ڕێگای ڕاست : ژ(٩) .**

**سەردار عبدالله ، ك.زمان، ز.كۆیە**

***　***　***　***　***

## المكتبة الشاملة

المكتبة الشاملة: واتە كتێبخانەی گشتگیر ، لێرەدا بە نرخێكی كەم دەتوانیت ببیتە خاوەن كتێبخانەیەكی كامڵ و چاك و بەسود گەر بتەوێت، هەربۆیە هەوڵ دەدەم كە بەپشتیوانی خوای گەورە باس لە (DVD)یەك بكەم كە پێكهاتوە لە هەزارەها پەرتوك و ناونیشان، كە كتێبە ئاینیەكانی لە خۆگرتوە كە بە زمانی عەرەبیە وە جگە لە هەزارەها فەتوای گەورە زانایان وەكو شیخ ئیسلام ابن تیمیە و وە زانایانی گەورەی ئەم سەدەیە وەكو شیخ ابن عپیمین و ابن باز و شیخ البانی بەرەحمەت بن، وە هەروەها تەفسیری قورئان و تەجوید و علومی قورئان ، وە هەروەها علمی حدیث ، وە هەروەها (علم رجال حدیث )، واتا زانینی زانیاری دەربارەی ژیان نامەی ئەو پیاوە بەڕێزانەی كە حدیثیان لە پێغەمبەری خواوە گێڕاوەتەوە، هەروەها دەتوانیت (بحث) بكەیت لە قورئاندا بۆ ئەو ئایەتەی كە خۆت دەتەوێت، وە دەتوانیت (بحث) بكەیت بۆ ئەو بابەتەی كەخۆت دەتەوێت دوای ئەوە كە ئەو كتێبەت هەڵبژارد ،........هتد.

وە هەروەها كتێبە بەنرخەكانی فیقهی هەر چوار مەزهەبەكە واتا، ئیمامی شافعی وئیمامی احمد و ئیمامی حەنەفی وە ئیمامی مالیك.

وە چەندەها پەرتوكی تر كە من تەنها پەرتوكە بەرچاوەكانم بۆتان باس كردوە، وە ئەم (DVD) بەشێوەی كۆمپیوتەری ئیش دەكات، هەروەها دەتوانیت ئەو كتێبەی كە خۆت




دەتەوێت بە (استیراد ملفات) وەربگریت و بە دوو شێوە بۆت دادەبەزێنێت بەشێوەی word و بەشێوەی فایلی ئینتەرنێت، وە بۆ دابەزاندنی پێویستت بە ٢٥ دەقیقە هەیە تاوەكو دادەبەزێت، وە ئەو هاردەش كە فایلەكەی لەسەر دادەبەزێنیت پێویستی بە ١٥ گیگاباتی بۆشای هەیە، دواتر دەتوانیت لەسەر ئەو هاردەی كە دات بەزاندوە بەكاری بهێنیت و زانیاریەكی باش و بەسود وەربگریت، زانیاریەك كە پێویستە بۆ دنیا و دواڕۆژ، وە لە كۆتایدا داواكارم لە خوای گەورە بە لوتف و كەرەم و بەزەی خۆی لە تاوانە شاراوە و دیارەكانمان خۆش بێت، وە زانامان بكات بەو زانیارانەی كە خواو پێغەمبەری خوا پێی ڕازین.

**خالد حسێن : ك. پزیشكی ڤێتێرنەری سلێمانی**

## نوێژ كردن ناسنامەی موسڵمانە

الحمد لله وحده ، و الصلاة والسلام على من لا نبي بعـــده ، و بعد :

زۆرجار كە پرسیار لەو كەسانە دەكەیت كە نوێژناكەن ، تۆ چیت و لەسەر چ دینێكیت ؟ لە وەڵامدا ئەڵێت موسڵمانم و لەســەر ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلامم ، لەڕاسـتی دا ئەمــە وەڵامێكی تـەواو هەڵەیـە چونكە پێناسەی موسڵمان تـەواو دووره لەو كەسانەی كە نوێـژ ناكەن یان كەمتەرخەمن و بە كـەم و كورپـەوە ئـەنجامی ئـەدەن ، ئایـە دەزانی موسـڵمان مانای چیە ؟

موسڵمان لە ( مسلم ) هوە وەرگیراوە ، و ( مــسلم ) یش ئەو كەسـەیە كە ئـەم پێناسە بیگرێتـەو : (( الاستــــسلام لله بالتوحيد ، والانقياد له بالطاعة ، والخلوص من الشرك ، والبراءة من أهله )) . جا بابزانین واتای ئەو پێناسـەیەی سـەرەوە چیە و بـابزانین ئایـە ئـەو شـتانە لـە تۆداهـەن كـە بتـوانی خـۆت بـە موسڵمانێكی تەواو بزانیت ؟

یەكـەم : ( الاستسلام لله بالتوحيد ) واتـە : ملكـەچ بـوون بـۆ خوای پەروەردگار بەیەك خوا پەرەستی واتـە ( بەتـەنها خـوا پەرستن ) .

ئایــە نوێـــژ نــەكردن یــان كەمتەرخــەمی كــردن لــە ئەنجامــدانی بــە كــەموو كــورتی و دواخـستنی لــە كــاتی دیاریكراوی خۆی یەك خوا پەرستی یە یان پشت هەڵكردنە لە فەرمان و پەرستشەكانی خوا و پشت هەڵكردنە لەیەكێك لە پایە سەرەكی یەكانی ئیسلام ؟ ئەمە چۆن یەكتا پەرستی یەكە ؟!!

دووەم : ( والانقياد له بالطاعة ) واتە : لەگەڵ پابەند بوون بــە پەرستـــشەكان و ئەنجامــدانی و گوێڕایــەڵی كردنـــی فەرمانەكانی و جێبەجێ كردنی ... ئاشكرایشە نوێـژكردن یەكێكـە لەپەرسـتشە سـەرەكیەكانی ئـاینی پیرۆزی ئیسلام لەگـەڵ ئەوەشدا پـشت گـوێی بخـەی یـان كەمتەرخـەمی لـە ئەنجامدانی بەكەیت و بە كەموو كورتی ئەنجامی بدەیت و لە كاتی دیاریكراوی خۆی دوای بخـەی ، ئەمە چۆن پابەند بوونێكــە بــە پەرســتـشەكان و چــۆن گوێڕایەڵیەكــە بــۆ فەرمانەكانی خوا ؟!!

سێ یەم : ( والخلوص من الشرك ) واتـە : دووركەوتنەوە لەهـەموو جۆرەكـانی هـاوەڵ بڕیـاردان بـۆ خـوای پـەروەردگار ئایــە نوێـــژ نــەكردن و كەمتەرخــەی لــە ئەنجامــدانی دوركەتنەوەیـە لـەهاوەڵ بڕیـاردان یـان بەشـێكە لـە هـاوەڵ بڕیـاردان ؟ بێگومـان بەشـێكە لێـی چونكە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمویـەتی : " ليس بين العبد والشرك إلا ترك الصلاة فإذا تركها فقد أشرك " ، واتـە : هـیچ شتێك نیـە لـە نێوان بەنـدەی موسـڵمان و هـاوەڵ بڕیـاردان جگـە لـە نوێـژ كـردن ، ئەگـەر وازی لێهێنا ئەوا هاوەڵی بۆ خوا بڕیارداوە .

ئەمــە بـۆ ئـەو كەسـانەیە كـە وازی لێـدەهێنن ، بـەو وازلێهێنانــە دەچــنە ڕیــزی هــاوەڵ بڕیـــاردەران ، كەواتــە ئەوانــەی هــەر نــەیانكردوە یــان هــەر نایكــەن تــاوانێكی گەورەتریان ئەنجام داوە و سزاكەشیان سەخت تر دەبێت . ئایـە دەزانـی هـاوەڵ بڕیـاردەران بـۆ تاهەتایـە لـە دۆزەخـدا دەمێننــەوە و دەرناچــن ؟ هــەروەك خــوای پــەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِـي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُوْلَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ ﴾ ( البينة : ٦ ) .

چوارەم : ( والبراءة من أهلـه ) واتـە : بێبـەری بـوون لـە هـاوەڵ بڕیـاردەران ، یـان بێبـەری بـوون لـەو كەسـانەی كـە هـاوەڵ بـۆ پـەروەردگار بڕیـار ئـەدەن . ئایـە نوێـژ نـەكردن بێبـەری بوونـە لـە هـاوەڵ بڕیـاردەران و موشـریكان ؟ یـان لاسـایی كردنەوەیـە بۆیـان ؟ ئەگــەر نوێـــژێك هۆكــاری جیاكردنـەوەی تـۆبێ لـە هـاوەڵ بڕیـاردەران ئـەوا نـەكردنی دەتباتە ڕیزی هاوەڵ بڕیاردەران ، خوا پەنامان بدات .

بۆیـە تـەنها ئـەڵێم تـۆ موسـڵمانی یـان كـافر ؟ بێگومـان ئەڵێیت موسڵمانم ، گەر وا ئـەڵێیت ئـەوا پێت ئـەڵێم بەڵگـەت چیە ؟ بەڵگەت تەنها زمانتە ! منیش پێت ئـەڵێم پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " بين الرجل وبين الكفر ترك الصلاة " ، واتــە : جیاكــەرەوەی مــرۆڤ لــە هــاوەڵ بڕیـاردان و كـوفر نوێژكردنە .

واتە : نوێژ بەربەستە لە نێوان مرۆڤ و كەوتنە كوفرەوە ، بۆیە ئامان نەكەی خۆت ببەیتە ڕیزی كەسانێك كـە خـوای پەروەردگار لێیـان ڕازی نیـە ، و ڕازیش نیـە كـە بەنـدەكانی ئـەو كـارە ئـەنجام بـدەن ، هــەروەكو خــوای پــەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَـادِهِ الْكُفْرَ ﴾ ( الزمر : ٧ ) ، واتە : ئەگەر ئێوە كوفری خوا بكەن

ئەوا خوای پەروەردگار دەوڵەمەندە و پێویستی بە ئێوە نیە ، ڕازیش نیە بەوەی کە بەندەکانی کوفر بە خوای پەروەردگار بکەن .

کەوابوو موسڵمانی بەڕێز نوێژنەکردن ڕێگەیەکە بۆ مسۆگەر کردنی ئازاری قیامەت ئەمەش بەڵێنێکە و خوای پەروەردگار بە نوێژنەگەرانی داوە وەك ئەفەرموێ : ﴿ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ ﴾ ( المدثر : ٤٢ ) واتە : وە پێیان ئەڵێن ئەوە چی بوو ئێوەی بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ کرد وا ئێستا ئەو سزا سەختە ئەچێژن . لەوەڵامدا ئەڵێن : ﴿ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴾ ( المدثر : ٤٣ ) واتە : ئێمە لە نوێژ خوێنان نەبوین بۆ خوای پەروەردگار .

چۆن نوێژ نابێتە ناسنامەی موسڵمان لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " أول ما يحاسب به العبد يوم القيامة الصلاة فإن صلحت صلح سائر عمله وإن فسدت فسد سائر عمله " ، واتە : یەکەم شتێك کە لە ڕۆژی دواییدا لێپرسینەوەی بەندەی موسڵمانی لەسەر بکرێت نوێژە جا ئەگەر نوێژەکانی باش بوو ئەوا پەرستشەکانی تری باش دەبێت وە ئەگەر نوێژەکانی خراپ بوون ئەوا پەرستشەکانی تریشی خراپ دەبن .

هەروەها ( ابن مسعود ) ﷺ فەرمویەتی : (( من ترك الصلاة فلا دين له )) ، واتە : ئەوەی واز لە نوێژ بهێنێت ئاینی نیە .

هەروەها ( أبو الدرداء ) ﷺ ئەفەرموێ : (( لا إيمان لمن لا صلاة له ))، واتە: ئەو کەسەی نوێژ نەکات ئەوە ئیمانی نیە .

وە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ لە سەرەمەرگا بە بریندار فەرموی : (( الله ، الله في الصلاة ، لا حظ في الاسلام لمن ترك الصلاة ، من حفظ الصلاة حفظه الله ومن ضيع الصلاة ضيعه الله )) ، واتە : ( الله ، الله ) لە نوێژ هەرکەس واز لە نوێژ بهێنێت بێبەشە لە ئیسلام ، هەرکەسیش نوێژ بپارێزێ و نەیفەوتێنێ خوا دەیپارێزێ . هەرکەسیش بیفەوتێنێ خوا ئەیفەوتێنێ .

هەروەك ( أبو هريرة ) فەرمویەتی ﷺ : (( کەسی وا هەیە شەست ساڵ نوێژ ئەکات کەچی تەنها نوێژێکی لێی وەرناگیرێ ، پرسیان چۆن ؟ فەرموی : نەڕکوعی بەتەواوی دەکاو نەسجودی و نە وەستانی و نە خشوعی )) .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەسی نوێژنەکەر یان کەمتەرخەم لە ئەنجامدانی بە پێی ئەو پێناسەیەی سەرەوە موسڵمانێکی تەواو نیە با لە جنسیەکەیشی نوسرابێ ( مسلم ) ، چونکە یەکێ نوێژ نەکات ئەو چوار مەرجەی سەرەوەی تیا بەدی ناکرێت کەپێویست دەکات لەهەموو موسڵمانێکی دڵپاکی ڕاستەقینەدا هەبێت . بۆیە ئیمانداری بەڕێز هەتا زوە تەوبە بکە و بە ڕێك و پێکی و بێ کەم و کورتی نوێژەکانت بکە .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**م . هاوار عبدالله . دەرچوی کۆمەڵایەتی**

***   ***   ***

## بۆ هەمووان

الحمد لله رب العالمين ، و الصلاة و السلام على حبيب الحق، و سيد المرسلين، و إمام لمتقين، و رحمة للعالمين محمد و على آله و صحبه و من تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، و بعد:

پێغەمبەری خوداﷺ دەفەرموێت: (( لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه )).

واتە:(( ئیمانی تەواو نیە ئەو کەسەتان هەتا پێی خۆش دەبێت بۆ براکەشی هەرچی بۆ خۆی پێی خۆش دەبێت )).

ئەم یاسا و بنەوایە چەند جوانە..؟

ئایا ئێمەی موسڵمان چۆن لێی تێدەگەین..؟

ئاخۆ ئێمە دەتوانین بە ڕاستی وابین کە دەیڵێین و باسی دەکەین..؟

یاخود دەگەینە ئاستی پێشکەش کردنی ئەو سیفاتە جوانە ئیمانیە..؟ کە نیشانەی تەواوی و کاملی ئیمانمانە، پەیوەندیەکی ئەخلاقیشی هەیە بە هەڵسوکەوت و دڵ و ویستی هەریەك لە ئێمەوە..؟!

بەڕاستی هاوەڵانی بەڕێز و خۆشەویستی پێغەمبەری خوداﷺ لەسەر ئەو پرۆگرام و پەروەردە ڕەببانیە پەروەردەبوون بۆیە خودا بە کەمترین تەمەن گەیاندنیە زۆرترین و فراوانترین بەرهەمی دونیا و قیامەتیش، کاتێ بەڕاستی خێر و خۆشیان بۆ یەك دەویست، ڕاستگۆ و دڵسۆز و هاوخەم و هاوسۆزی یەکتربوون، دڵیان بۆیەك دەهاتە جۆش، چاویان لەڕێی یەکتر بەخت دەکرد...!!!

بۆیە خودا هەر لەدونیادا مۆژدەی لێخۆشبوونی دانێ.

**زانست**

**لە کیتابی صحیح البخاری دا هاتووە..**

باب كيف الأمر إذا لم تكن جماعة..؟!

حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ الْمُثَنَّى حَدَّثَنَا الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِمٍ حَدَّثَنَا ابْنُ جَابِرٍ حَدَّثَنِي بُسْرُ بْنُ عُبَيْدِ اللَّهِ الْحَضْرَمِيُّ أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا إِدْرِيسَ الْخَوْلَانِيَّ أَنَّهُ سَمِعَ حُذَيْفَةَ بْنَ الْيَمَانِ يَقُولُ: كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الْخَيْرِ وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنْ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي.

فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ فَجَاءَنَا اللَّهُ بِهَذَا الْخَيْرِ فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ ؟

قَالَ: نَعَمْ .

قُلْتُ: وَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ؟

قَالَ: نَعَمْ ، وَفِيهِ دَخَنٌ.

قُلْتُ: وَمَا دَخَنُهُ ؟

قَالَ: قَوْمٌ يَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ.

قُلْتُ: فَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟

قَالَ: نَعَمْ دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا.

قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا.

قَالَ: هُمْ مِنْ جِلْدَتِنَا وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا.

قُلْتُ: فَمَا تَأْمُرُنِي إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ؟

قَالَ: تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ.

قُلْتُ: فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ ؟

قَالَ: فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ بِأَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ. (صحيح البخاري: ٦٦٧٣)

وجاء في ( فتح الباري: ١٣/ ٣٧) قال الطبري: وفي الحديث انه متى لم يكن للناس امام فافترق الناس احزابا فلا يتبع أحدا في لفرقة ويعتزل الجميع ان استطاع ذلك خشية من الوقوع في الشر..

**واته** :

**باسێك (بابێك): كار چۆن دەبێت ئەگەر جەماعە نەبوو..؟!**

(مُحَمَّدُ بْنُ الْمُثَنَّى) پێی وتین (الْوَلِيدُ بْنُ مُسْلِمٍ) پێی وتین (ابْنُ جَابِرٍ) پێی وتم (بُسْرُ بْنُ عُبَيْدِ اللَّهِ الْحَضْرَمِيُّ) گوێی لە (أَبَا إِدْرِيسَ الْخَوْلَانِيَّ) بوو كە ئەویش گوێی لە (حُذَيْفَةَ بْنَ الْيَمَانِ) بوو دەیوت: **خەڵكی وابوون كە پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا دەكرد لەسەر خەیر و چاكە، وە منیش وابووم كە پرسیارم لێی دەكرد لەسەر شتی خراپ لە ترسی ئەوەی نەوەك تووشم ببێت.**

**جا وتم: ئەی نێردراوی خوا ﷺ، ئێمە لە نێو نەفامی و شەڕ و خراپەدا بووین، جا خودا ئەم خێرە _ ئیسلام _ ی بۆ هێناین، ئاخۆ دوای ئەم خێر و بێرە، شەڕ و خراپەمان توش دەبێت؟**

**فەرمووی: بەڵێ.**

**وتم: ئەی دوای ئەو شەڕ و خراپەیە خێر هەیە (دێت)؟**

**فەرمووی: بەڵێ ، بەلام خلتەی تێدایە.**

**وتم: دەی دوكەڵاوییەكەی چی یە؟**

**فەرمووی: خەڵكانێك ڕێگا نیشان دەدەن كە ڕێگەی من (كە سوننەت) نیە ، چاككیان تیادەبینی و خراپەشیان تیا بەدی دەكەیت.**

**وتم: ئەی دوای ئەو خێرە شەڕ و خراپە هەیە؟**

**فەرمووی: بەڵێ ، بانگەوازكارانێك لەسەر دەرگاكانی دۆزەخن، هەركەس وەلامی بانگەوازیان بداتەوە، فڕێی دەدەنە نێویەوە.**

**وتم: ئەی نێردراوی خودا، وەسفیان بكە بۆمان.**

**فەرمووی: ئەوان لە پێستی خۆمانن و بە گوتەی خۆمان دەدوێن.**

**وتم: جا بەچی فەرمانم پێ دەكەیت، ئەگەر ئەوەم پێگەشت؟**

**فەرمووی: پەیوەستبە بە خەڵكی (كۆمەڵی) موسڵمان و سەركردەكەیانەوە.**

**وتم: جا ئەگەر كۆمەڵیان نەبوو، وە سەركردەشیان نەبوو؟**

**فەرمووی: دەی دابڕێ لە هەموو ئەو گروپانە، تەنانەت ئەگەر قەپ (گاز)ت لە ڕەگی دار و درەخت گرتووە هەتاوەكو مردنت پێدەگات، ئەوا تۆ هەر لەسەر ئەوەبە.**

**هەروەها لە ( فتح الباري: ١٣/ ٣٧ ) هاتووە كە ئیمامی تەبەری فەموویەتی: وە لە فەرموودەكە ئەوە هەیە كە: هەركاتێك خەڵكی ئیمامێكی نەبوو، وە خەڵك پەرتەوازەبوون بۆ چەند حزبێك، ئەوا شوێنی هیچ یەكێك لەو گروپانە ناكەون، و خۆ دادەبرێت لە هەمموی ئەگەر توانرا ئەوە بكرێت، لە ترسی كەوتنە نێو شەڕ و تاوانەوە.**

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**زانست**

## زانست دەپرسێت..

خوێنەرانی بەڕێز هۆکار گەلێکی زۆر هەنە کە کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیر کردنی گەل و کۆمەڵ، وە بێگومان لەبەرامبەریشدا هۆکارانێك هەن جگە لەوەی کە لاوازکەری ئەم ئاستەیە لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکی گەورەی لە دارمانی ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا هەیە، یەکێك لەو هۆکارانە تێکەڵیە لە ناو ناوەندەکانی خوێندندا کە دەتوانین بە نەخۆشیەکی گەورەی ناوزەد بکەین.

**تێکەڵی (کوڕان و کچان) لەنێو ناوەندەکانی خوێندندا تاچەند کاریگەری هەیە (سلبی و إجابی) لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری؟**

جابەڕێزانم ئێستا شایەت حاڵی ئەم مەسەلەیە دەدوێنین بزانین ڕایان لەمەڕ ئەم مەسەلەیە چی یە:

**پەیوەند عوسمان: خوێندکاری پەیمانگا**

بەڵێ تێکەڵاوی دوو ڕەگەزەکەی کۆمەڵگا لە ناوەندەکانی خوێندندا لە لایەنی سلبیەوە کاریگەری زۆر زیاتری هەیە، کەوابوو ئەو کات کاریگەری إجابی نامێنێت یاخوود زۆر کەمە کە نابێتە هۆکارێك بۆ تێکەڵ کردن، وە لایەنی زانستی ئەوەی سەلماندووە کە ئەم تێکەڵاویە کاریگەری سلبی هەیە، وە وڵاتانی ئەورووپیش هەوڵی ئەوە دەدەن کە کوڕان و کچان لە یەکتری جیا بکەنەوە، هیوادام لە لایەنی بەرپرس هەوڵی جدی بدەن بۆ جاکردنەوەی ئەم دوو رەگەزە لە ناوەندەکانی خوێندندا .

*************************

**هیوا محمد فرج: خوێندکاری زانکۆ**

تێکەڵاوی لە ناو ناوەندەکانی خوێندندا ئەگەر بە گوێرەی شەرع و عەقڵ و واقیع لێکی بدەینەوە لایەنی سلبی زیاتری تیا نابینی چونکە واقیع و ئاستی زانستی خوێندکاران شایەت حاڵی ئەم مەسەلەیەن، چونکە ئەوەی خۆی بە خۆی بڵێت موسوڵمان و مۆی لە کۆمەڵگای موسوڵمانان جیا نەکاتەوە ئەبێ ملکەچی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان بێ کە هیچ یاساو دەستورێك نیە بتوانێ شان لە شانی دەستووری خودا بدات لە کاتێکدا لە شەرعدا ڕێگە پێ نەدراوە، ئەگەر لایەنی عەقڵیش باس بکەین، بڵێین بۆچی ئافرەتان تێکەڵ بن لە پیاوان ؟ بۆچی مەبەستێ ؟ئایا زانیاریان زیاد دەکات؟ ئایا ئیمانیان زیاد دەکات ؟ ئایا میلەت بەو شێوەیە پێش دەکەوێت؟ ئایا ئەمە تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا نییە؟خۆ واقیعیش شایەتە بەسەر ئەو حاڵەتانەی کە ڕوو دەدات لە ناو زانکۆ و پەیمانگاکاندا، دەی کەواتە تۆزێك بیر بکەنەوە ئەی خاوەن عەقڵەکان.

*************************

**هەنا مجید: خوێندکاری زانکۆ**

بێگومان تێکەڵاوی هەردوو ڕەگەز زەرەرو زیان و سودیشی هەیە ، دەتوانین بڵێین زەرەر و زیانێکی زۆری هەیە چونکە لایەنی سۆز و ئارەزوی هەردوو ڕەگەزەکە لەو تەمەندا بەرامبەر بەیەك دەوروژێنێت، والە هەردوو ڕەگەزی بەرامبەر دەکات توشی کێشەی ڕۆژگار ببن، وە ئەمەش زیانی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا چونکە دەبێتە هۆی دواکەوتنی زانست و زانیاری، وە لە لایەکی ترەوە ئەتوانین بڵێین سوودی ئەوەی هەیە کە هەردوو ڕەگەزی بەرامبەر فێری شێواز و هەڵس و کەوتی یەکتر دەبن ئەمەش سوود و لێك تێگەیشتنی هەردوو ڕەگەز دەگەیەنێ.

*************************

**د.رعد رفعه : مامۆستای زانکۆ.**

الحمدلله والصّلاة والسّلام علی رسول الله، أمّا بعد: سوپاسی ستافی بلاوکراوەی زانست دەکەم، کە ئەم پرسیارە گرنگ و هەنوکەییەی ورژاندوە، بۆ ئەوەی کاری پیرۆزی بانگەوازی خوایی ڕۆشن بکەنەوە، سەرەتا پێویستە ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەم:

١. ئەم تێکەڵاوییەی ئێستا بەم جۆرەی کە دەکرێ لە ناوەندەکانی خوێندندا، بە هیچ شێوەیەك لە مێژووی ئیسلامی نەبینراوە، بەڵکو لە دوای هەڵمەتی داگیرکەرانەی ناپلیۆن بۆ میصر، و ناردنی چەند کەسایەتیەکی دروست کراوی وەك:( رفاعة الطهطاوي، و قاسم أمین، وطه حسین)، بۆ هەندێك وڵاتی بیانی و گەڕانەوەیان بە بیروبۆچونی لادراوی خاچپەرست و فەیلەسوف و دەسەڵاتدارانی ئەورووپییەوە.

٢. ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە گوێرەی پێویست، و بە مەرجی سنوردار، و ماوەی دیاریکراو، ڕێگەی بە کچ و کوڕ داوە ، بۆ وەرگرتنی زانست. مەگەر بەشێکی زۆری ئاینەکەمان لە خێزان و کچەکانی پێغەمبەر ﷺ وەرنەگرتوە..؟! مەگەر زانای بەناو بانگی وەکو:( الشیخة

کریمة) مامۆستای ئیمامی بوخاری ئافرەت نەبوو..؟!

٣. بەڵام ئەم تێکەڵیەی ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندن دەبینـدرێت، کـە بەداخـەوە شـۆڕبۆتەوە نـاو هەسـتیارترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤ کە (هەرزەکاریە)، زیانێکی زۆری بە ئاستی زانستی، و پـەروەردەیی، و دروسـت بـوونی گـریّ دەرونیـەکان، و کێشە کۆمەڵایەتیـەکان، و ڕەوشـت، و بـەها بـەرزەکانی کۆمەڵگـە گەیانـدوە . ئەمانـەش زۆر بـە ئاشـکرا دەبینـدرێن" ئەگـەر هـاتوو چـاودێری واقیعـی جیهـان و کوردستان بکەین لە ڕێگەی توێژینەوە و داتاکان .

٤. لـە کۆتاییـدا هیـوادارم دەسـەڵاتدارانی سیاسـی و پـەروەردەیی و زانستی گشت وڵاتـە ئیسلامیەکان، چاوێك بەم دیاردە نەگەتیڤە بخشێننەوە . ئەمجارەش هەر چاو لە خۆرئاواییەکان بکەنـەوە، بۆ جوداکردنەوەی کچ و کوڕ، لە گشت ئاستەکانی خوێندن، کە لە هەندێك شوێن پەیڕەوی دەکرێت ..

*************************

**م. ئاکام: مامۆستای ك.ت. سلێمانی**

تەبعـەن کاریگـەری نێگـەتیڤی زۆرە لـە وانـە زۆربـوونی دڵداری و دابـەزینی ئاستی زانست و بیزاربوونی مامۆستا لـە هەنـدیّ ڕەفتـاری ناشـرین و کەمبوونـەوەی ئـازادی هەردوولا .

*************************

**م.کەیوان: مامۆستا خوێندنگا**

تێکەڵاوی کچ و کوڕ لە ناوەندەکانی خوێندندا کاریگەری ڕاسـتەوخۆی هەیـە لەسـەر دابـەزینی ئاسـتی زانسـتی خوێندکاران بەوێنەی ( تێکەڵاو کردنی سرکە و هەنگوین ) وە لەدەســتدانی ئامــانجی خوێنــدن و گــۆڕانی بــە ئاراستەیەکی تر..!

*********************

**م.هەژار عەلی: مامۆستای ئامادەیی**

تێکـەڵی کـچان و کـوڕان لـە خوێندگـە و قوتابخانەکانـدا بەڕاستی کاریگـەری زۆر خراپـی هەیـە لەسـەر دابەزانـدنی ئاسـتی زیرەکـی خوێنـدکاران لـە هـەموو قۆناغـەکانی خوێندندا جگە لەوەش کە زۆر کارەسات و کێشەی دروست کـردووە بـۆ خوێندنگـە بەگشتی و مامۆسـتا و کەسـوکاری خوێندکاران بەتایبەتی. کێشەی لەوەش گەورەتر ئەوەیە کە خوێنـدکاران لـە قۆنـاغی بنـەرەتی واتـا: لـە پـۆلی ( ٧ تـا ٩ ) تێکـەڵ بـن، ئـەوەش بەومانایـە نییـە کـە لـە ئامادەییەکانـدا تێکـەڵی کـارێکی خـراپ نـەبێت، خوێنـدکار لـە قۆنـاغی بنەرەتی وەکو هەموومان دەزانین لە تەمەنێکی هەستیاردایە کە قۆناغی تازەلاوییە لە تەمەنیدا، و زۆربەی کێشەکان لەم قۆناغەدا روو لە قوتابی دەکەن، و دوایش پەشیمانی.

لانـی کـەم لـە ناحیەیـەکی وەکـو چـوارقوڕنە پێویـستە خوێندنگەیــەکی ئامــادەیی و خوێندنگەیــەکی بنــەڕەتی کــچانی لێ بکرێتــەوە بــۆ ئــەوەی نــاردنی کــچان بــۆ خوێندنگەکان ئـارەزوو مەندانـە بێـت نـەك بەناچـاری گـەر بتـەوێ بخوێنیت،ئەگـەر تـەنها خوێندنگـە تێکەڵـەکان هـەبن ئەوا ناچارە بچێت، ئەگەر لە خوێندنیش دانەبڕێت..!

لەگـەڵ هـەموو ئەوانەشـدا ئـەوا بەومانایـە نیـە کـە ئـەو خوێندنگـە و قوتابخانانـەی کـە جیـان و تێکـەڵ نـین هـیچ کێشەیان نییـە و هـەموویان ئاسـتی زیرەکیـان بـەرزە بـەڵام دەتــوانم بڵــێم ٩٠٪ لــە تێکەڵــەکان باشــترن لەهــەموو ڕوویەکەوە.

*************************

**م: محمد عبدالرحمن: مامۆستای ئاینی**

دەکریّ بـە چـەند خاڵێـك بـە کـورتی ئاماژەیـان بـۆ بکرێـت، لەوانە:

١. کەمبوونـەوەی ئیمـان و پەیڕەونـەکردنی دروشمـەکانی ئیسلام وەکو پێویست و زیادبوونی تاوانەکان.

٢. پەرەسەندن و زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

٣. زیادبوونی نەخۆشە دەروونیەکان.

٤. دابەزینی ئاستی زانست و زانیاری.

٥. زیادبوونی خەرجی و زیان گەیاندن بەباری ئابووری هەردوو ڕەگەز.

٦. بە فیڕۆدانی کات بە شتی بیّ سود و بیّ بەرهەم..هتد.

*****

جا بەڕێزانم کە سەیر دەکەین لەکاتێکدا کە مامۆستایان و خوێنـدکاران _ کـە پێـشکەوتنی وڵـات پـشت بـەم دوانـە دەبەستێت _ ئەمە ڕاو بیرو بۆچونیان بوو "کە جگە لەزەرەر لەســەر بەرزبوونــەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری هــیچ کــات سـوودێکی بـۆی نییـە" ئیتر بـۆ ئـەبێت ئـەم کـارە تێکەڵیـە لەناوەندەکانی ئێمەدا هەبێت ؟؟!!!

**صباح و جیهاد**

## التجارة الرابحة

لقد فضل الله الإنسان على سائر المخلوقات وخصه بنعمة الكلام ، وجعل الله له اللسان ، وهو نعمة تستعمل في الخير أو الشر ، فمن استعمله في خير بلغته سعادة الدنيا ، والمنازل العلا في الجنة ، ومن استعمله في غير ذلك أورده المهالك فيهما ، وأفضل مايستغل به الوقت بعد قراءة القرآن ذكرالله .

**فضل ذكر الله :** ورد فيه أحاديث كثيرة ، منها قوله ﷺ : " أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ أَعْمَالِكُمْ وَأَزْكَاهَا عِنْدَ مَلِيكِكُمْ وَأَرْفَعِهَا فِي دَرَجَاتِكُمْ وَخَيْرٍ لَكُمْ مِنْ تَعَاطِي الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَمِنْ أَنْ تَلْقَوْا عَدُوَّكُمْ غَدًا فَتَضْرِبُوا أَعْنَاقَهُمْ وَيَضْرِبُوا أَعْنَاقَكُمْ قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ ذِكْرُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ " ( صححه العلامة الألباني في المشكاة : ٢٢٦٩ ) ... وقوله ﷺ : " مثل الذي يذكر ربه والذي لا يذكر ربه مثل الحي والميت " ( متفق عليه ) ... وقول الله عزوجل في الحديث القدسي : " أنا عند ظن عبدي بي ، وأنا معه إذا ذكرني فإن ذكرني في نفسه ذكرته في نفسي ، وإن ذكرني في ملأ ذكرته في ملأ خير منهم ، وإن تقرب إلي بشبر تقربت إليه ذراعا " ( رواه البخاري ) ... وقوله ﷺ : "سبق المفردون ، قالوا : وما المفردون يارسول الله ؟ قال : الذاكرون الله كثيرا والذاكرات " ( رواه مسلم ) وقوله ﷺ : موصيا أحد أصحابه : " لا يزال لسانك رطبا من ذكر الله " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب : ١٤٩١ ) وغيرها من الأحاديث .

**مضاعفة الأجور :** تضاعف أجور الأعمال الصالحات كما تضاعف أجور قراءة القرآن و ذلك لأمرين :

أولاً: بحسب ما في القلب من الإيمان والإخلاص والمحبة لله وتوابعها .

ثانياً: بحسب تذكر القلب بالذكر وانشغاله به ، فلا يكون بلسانه فقط . فإن كمل ذلك كفر الله له كامل سيئاته وأعطاه كامل أجره .

**فوائد الذكر :** قال شيخ الإسلام : الذكر للقلب كالماء للسمك ، فكيف يكون حال السمك إذا فارق الماء ؟!

فالذكر يورث محبة الله والقرب منه ورضاه ومراقبته والهيبة منه والإنابة والرجوع إليه ويعين على طاعته .

ويزيل الهم والغم عن القلب ويجلب السرور ، ويورث القلب الحماة والقوة والنقاء .

وهو شفاء القلب و دواؤه وقوته ولذته التي لاتعد لها لذة ، والغفلة مرضه .

قلته دليل النفاق ، وكثرته دليل قوة الإيمان وصدق المحبة لله من أحب شيئا أكثر من ذكره .

والعبد إذا تعرف إلى الله تعالى بذكره في الرخاء عرفه في الشدة ، خصوصا عند الموت وسكرته .

وهو سبب للنجاة من عذاب الله ، ولتنزيل السكينة ، وغشيان الرحمة ، واستغفار الملائكة .




يشغل به اللسان عن اللغو والغيبة والنميمة والكذب وغيرها من المكروهات المحرمة .

أيسر العبادات ، لكنه أجلها وأفضلها ، وهو غراس الجنة .

يكسو الذاكر المهابة والحلاوة ونضرة الوجه ، وهو نور في الدنيا ، وفي القبر وفي المعاد .

يوجب صلاة الله ( عزوجل ) وملائكته على الذاكر ، والله ( عزوجل ) يباهي بالذاكرين عند ملائكته .

أفضل أهل الأعمال أكثرهم منه ذكرا لله ( عزوجل ) فأفضل الصوام أكثرهم ذكرا لله في صومه .

يسهل الصعب ، وييسر العسير ، ويخفف المشاق ، ويجلب الرزق ، ويقوي البدن .

يطرد الشيطان ويقمعه ويخزيه ويذله .

**( تفسير العشر الأخير من القرآن الكريم ويليه أحكام تهم المسلم ) .**

**كويستان عبدالخالق. ك.ت.سليمانية قسم الإدارة**

## یه کخوای پەرستی ((التوحید)) یه کخوا پەرستی سیٚ بنچینەی هەیه

یەکەم : یه کخواپەرستی له خوایه تیدا (توحید الربوبیه )، بڕوات وابێت که تەنها یه کخوا هەیه بۆ هەموو ئەم کەونه (جیهانه) تەنها ئەویش دروستکار و بەڕیوبەره وپارێزەر و پێدەر و ئاسایشێتی و (وئەویش ئەو کارانه پیٚ دەکرێت )

دووەم : یەکخوا پەرستی له پەرەستشدا (توحید الالوهیه ) بڕوات وا بێت که کەس شایەنی مافی پەرەستنی نیه جەگه له (الله) نەبێت بۆ نموونه ٠نوێژ کردن ،داوا کردن (دوعا)، داوای یارمەتی کردن له شته نادیارەکان (غەیب)،سوێند خواردن و سەربڕین، (قوربانی کردن،صەدقه کردن (خێر کردن)ڕۆژ و گرتن ،حەج کردن ،بس دەبێت بۆ (الله)بێت،

سێیەم : یەکخوا پەرستی له ناو سیفەتەکانی خوای گەوره (الله) (توحید الاسماو والصفات).بڕوات هەبێت که :

١. نابێت ئیمه ناو سیفات بۆ خوا دابنین جەگه لەوەی خوای گەوره خۆی یان پیٚغەمبەرەکەی ﷺ ناو یان سیفاتیان دانابێت (بۆ خوای گەوره ).

٢. کەس ناتوانیت ( بۆی نیه )ناو سیفەتەکانی خوای گەوره له خۆی بنێت بۆ نمونه (الکریم).

٣. پێویسته ئێمه بڕوا بێنین به هەموو ئەو ناو سیفەتانه که خوای گەوره خۆی هێناویەتی (دایبەزاندووه )له قورئانەکەیدا یان ناوی هێنراوه (باسکراوه )له لایەن (له ڕێگەی فەرمووده کانی)پیٚغەمبەرەکەیەوه ﷺ به بیٚ گۆڕینی ماناکەی یان پشت گویٚ خستنیان یان تێکدانی (هەڵگەڕانەوه )ی ماناکانیان یان بیانچوێنی (نمونەیان بۆبهێنیەوه )به شته دروستکراوەکان. خوای بەبەزیی ومیهربان (الرحمن)بەرزه له سەر عەرشەکەی به شێوەیەك که شایستەی خۆیەتی (سورەتی طه:٥)

له سەرووی هەر حەوت ئاسمانەکەوه دادەبەزێت بۆ یەکەم ئاسمان (ئاسمانی دونیا)له کاتی کۆتایی سیٚ یەکی هەموو شەوێك هەروەها لەڕۆژی عەرەفەدا (نومینەی حاجیان)،هەروەك باسکراوه لەلایەن پیٚغەمبەرەکەیەوه ﷺ ، بەلاٚم (الله)له گەڵ ئیمەدایه به زانستی خۆی نه به خودی زاتی خۆی ،

هەروەها خوای گەوره دەفەرموێت :"هیچ شتێك وەکو ئەوه نیه (هیچ شتێك لەوه ناچێت )بیسەرو بینەره "(سورەتی شوری:١١) ئەم ئایەته پیروزه سیفاتی بیستن وبینین بۆ خوای گەوره دەسەلمێنی به بیٚ شوبهاندن یان نمونەی هێنانەوەی بەشێك له دروستکراوەکاندا ، دیسان خوای بالاٚ دەست دەفەرمووێ "بۆ ئەوەی که بەدەستی خۆم دروستم کردووه "(سورەتی ق:٧٥) هەروەها دەفەرمووێ :"دەستی خوای گەوره له سەر دەستی ئەوانه "(سورەتی محمد:١٠)، ئەم ئایەتانه دوو دەست بۆ خوا دەسلمێنی بەلاٚم هیچ هاوشێوەیەکیان نیه ،ئەمه بڕوای هەموو موسلمانه ڕاستەکانه وبڕوای هەموو پیٚغەمبەرانی خوایه (دروودی خوایان لەسەر بێت )

بەو شیوه نیه که هەندیٚ خەلك وا بیردەکەنەوه که (خوای گەوره )له هەموو شوێنێك دا هەیه لیره لەوی وهەتا له ناو سینەی مرۆڤدا ئەم بنچینانەیه یەکخوا پەرەستی (توحید) مانای (لااله الا الله) هەڵدەگرێت.

## Tauhid (monotheism)

Tauhid (Islamic monotheism) has three aspects:

A. oneness of the Lordship of Allah; Tauhid-ar-Rububiyyah: to believe that there is only one Lord for the entire universe and He is, it's Creator, Organizer, Planner, Sustainer, and the giver of security and that's Allah.

B. oneness of the Lordship of Allah; Tauhid-al-uluhiyyah: to believe that none has the right to be worshipped (eg. Praying invoking, asking for help from the unseen, swearing, slaughtering sacrifices, giving charity, fasting, pilgrimage) but Allah.

C. oneness of the names and qualities of Allah; Tauhid-al-asma was-sifat: to believe that;

1-we must not name or qualify Allah except with what he or his messenger (peace be upon him) has named or qualified him.

2-non can be named or qualified with names or qualifications of Allah; eg. Al-karim.

3-we must believe in of the qualities of Allah which Allah has started in his book (the Quraan) or mentioned through his messenger Muhammed (peace be upon him) without changing there meaning or ignoring them completely or to wise the meanings or likening them to any of the created things eg. Allah is present over his throne as mentioned in the Quraan.

The most gracious (Allah) rose over (istawa) the (mighty) throne in (manner that suits his Majesty) over the seventies heaven; and he comes down over the first (nearest) heaven to earth during the last three part of every night and also on the day Arafat (Hajj i.e. the nineties of dhul-hajaj as mentioned by the prophet (peace be upon him) but he is with as by his knowledge, not by his personal-self (bi-dhatihi). Also Allah says:

″ There is nothing like him and he is the all-heror, and he all-seer″

This noble verse proves the quality of hearing and the quality of sight for Allah with out likening it (or giving resemblance) to any of the created things and likewise he (the greatest of Allah) also says:

To one whom I have created with both my hands.And he also says: the hand of Allah is over there hands.

This confirms two hands for Allah but there are no seminaries for theme. This is the believe of all true believers and was the believe of all the prophets of Allah from Noah, Abraham, Moses and Jesus tell the last of the prophets, Muhammad (peace be upon him). (It's not as some people think that Allah is present every where-here, there an even inside the breasts of men.

These three aspects of Tauhid are included in the meaning of <u>La ilaha ill Allah</u> (none has the right to be worshipped but Allah)

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.